# مێژووی
# مەغۆلەکان



ئاریوس پۆلا

# مێژووی مەغۆلەکان

نوسینی ئاریوس پۆلا

# پێڕست

**مەغۆلەکان پێش دامەزراندن............ ٤**

دەسپێک:............ ٤

**زەمینەسازی بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی مەغۆل............ ٦**

جەنگیز خان............ ٨

هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی جەنگیز خان............ ٩

یاسای جەنگیز خان............ ١٢

**لەدایکبوونی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی ............ ١٤**

**هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر یاساق ............ ١٦**

**دەوڵەتی خەوارزمی و ڕووخانی لەناکاو ............ ١٨**

سەرەتای جەنگی مەغۆل و خەوارزم............ ٢١

هۆکاری پێکداچوونی دوو دەوڵەت: ............ ٢١

هێرشی مەغۆل و ڕووخانی خەوارزمییەکان............ ٢٣

هێرشی مەغۆل و ڕووداوەکان لە ساڵی ٦١٧/٦١٩ک. ............ ٢٦

هێرشی مەغۆل و ڕووداوەکانی لەنێوان ساڵانی (٦١٩ک/٦٣١ک) ............ ٢٩

هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی خەوارزمی............ ٣١

**ئۆگادای خان و داگیرکاری مەغۆل............ ٣٥**

**عەرشی مەغۆل پاش ئۆگادای ............ ٣٩**

**هەوڵدانی خاچپەرستان بۆ هاوپەیمانێتی مەغۆل ............ ٤١**

**هۆلاکۆ خان و خاچ. ............ ٤٣**

لەناوبردنی ئیسماعیلی و حەشاشەکان............ ٤٤

داگیرکردنی بغداد ٦٥٦ک/١٢٥٨ز ............ ٤٤

داگیرکردنی شام: ............ ٤٥

مردنی هۆلاکۆ:........................................................................٤٦
کەوتنی بەغداد ........................................................................٤٦
کەوتنی حەلەب ........................................................................٤٨
داستانی قەلای هۆلاکۆ بەزێن! ........................................................................٤٩
عین جالوت سەرەتای کۆتایی ........................................................................٥٠
سەرەتای ئامادەسازی بۆ جەنگ........................................................................٥١
**دابەشبوونی ئیمپراتۆری مەنغۆلی. ........................................................................٥٣**
خانی ئاڵتونی........................................................................٥٥
بەرەکە خان ........................................................................٥٦
دوژمنایەتی لەگەڵ هۆلاکۆ ........................................................................٥٧
جێنشینانی بەرەکەت ........................................................................٥٩
ئێل خانی مەغۆل........................................................................٦١
ئێل خانی مەغۆل (توانەوە لەناو عەقیدە)........................................................................٦٣
**هەڵوێستی ئیمام........................................................................٦٥**
**تەیمور لنگ........................................................................٦٧**
ئیمپراتۆرییەتێک بەسەر پشتی ئەسپەوە ........................................................................٦٧
ڕێگە بەرەو ئیمپراتۆریەت........................................................................٦٩
ئیمپراتۆری دووهەمی مەغۆلی ........................................................................٧٢
داگیرکردنی شام ........................................................................٧٥
تەیموری لەنگ ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی یەکەم ........................................................................٧٧
جەنگی ئەنقەرە ........................................................................٧٨

# مەغۆلەکان پێش دامەزراندن

## دەسپێک:

لەڕاستیدا کاتێک باسی مەغۆلەکان دەکەین دەبێت ئەوە بزانین کە مێژووی ئەم گەلە بەچڕی و پڕی لەدوای جەنگیزخانەوە دەستپێدەکات، چونکە لەپێش ئەوکاتەدا بریتیبوون لەکۆمەڵە هۆزێکی ناکۆک لەناوی یەکتردا و ژیانیان لەسەر ئاژەڵداری و ڕاوکردن و پەلاماردان و تالانی یەکتر بردۆتە سەر. ئەم هۆزانە شوێنی ژیانیان دەکەوێتە ناوچەکانی نێوان ڕوسیا و چینی ئێستاوە کە لەوکاتەدا هێشتا مرۆڤ لەو بەشی باکوری ڕوسیادا جێگیر نەبوو، وە ئەم هۆزانە هاوشێوەی هۆزە تورکییەکانی دراوسێیان ژیانیان بەکۆچەری دەبردە سەر لەژێر خێمە و بەسەر پشتی ئەسپەوە، لەپێناو پاوەن بۆ ئاژەڵەکانیان چونکە بەمانەوە یان بەبەردەوامی لەجێگەیەک دەبووە هۆی کەمبوونەوەی خۆراک لەو جێگەیەدا و بەمەش توشی برسێتی دەبوون و ئاژەڵەکانیان دەمرد، بۆیە لەجێگەیەک بۆجێگەیەکی دیکە کۆچیان دەکرد. بەم هۆیەوە لەگەڵ ژیانی سەختدا ڕاهاتبوون و دەیانتوانی زوو خۆیان لەگەڵ کەشە ناهەموارکان و کەمی خۆراک و سەختی بارودۆخ ڕابهێنن، بەپێچەوانەی زۆرێک لەگەلانی باشور لە چین و ناوچە ئیسلامیەکان، کە بە سەدان شار و دێهاتی گەورەی تێدابوو، وە خەڵکی لە نازونیعمەت و خۆشی ژیاندا دەژیان!

**مەغۆل و تورک:** جێگەی مەغۆلەکان لەڕاستیدا دەکەوێتە نێوان ڕووباری سیحۆن و جیحۆن لەئاسیای بچووکدا، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان و تورک دەگەنەوە سەر یەک ڕەچەڵەک. وە هەندێک پێیان وایە مەغۆل خۆیان ڕەچەڵەکێکی تورکن، وە لە گرنگترین ئەو هۆزانەی کە لەگەڵ تورکدا تێکەڵبوون تا فراوانبوونی دەسەڵاتی جەنگیز خان هۆزی (نایمان)ی مەغۆلییە.

**هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی مەغۆل لەژێر ئاڵایەکدا:** زۆرینە لایان وایە کە پێش جەنگیز خان هیچ کەسێک هەوڵی کۆکردنەوە و یەکخستنی هۆزە دووبەرەکەکانی مەغۆلی نەداوە، بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و بەهۆی دراما و ڕۆمانە خەیاڵییەکانەوە دروست بووە، کە تێیدا ڕاستییەکان دەکرێتە قوربانی چێژی دیمەنەکان. پێش لەدایکبوونی جەنگیزخان بە نزیکە ٢٠ساڵ سەرکردەی هۆزی (کریت) کە ناوی "طغرل"بوو، یەکەم هەوڵی کۆکردنەوەی مەغۆلەکان دەدات بەیارمەتی باوکی خودی جەنگیزخان "یۆسۆکای"، تەنانەت ناسناوی خانی گەورەی مەغۆلی پێدەدرێت. وە هەر ئەوە هۆکار دەبێت بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتی چینییەکان بەسەر ناوچەکانی مەغۆلدا. هەروەها دەبێتە تۆوی یەکەم بۆ بنیاتنانی ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی، وە گەلی مەغۆل ئامادە دەکات بۆ قبوڵکردنی ئەو ڕاستییە، کە بەڵێ ئەوان پێکەوە دەتوانن بەهێزبن، وە دەسەڵاتیان فراوان بێت. لەجێی ئەوەی دژی یەکتر بجەنگن، هێزەکەیان بەکاربهێنن بۆ بنیاتنان و دروستکردنی دەسەڵاتێکی گەورە بەسەر دراوسێکانیاندا.

**دیانەتی مەغۆل:** لەڕاستیدا دینی مەغۆلەکان وەک یەکێک لە لێکۆڵەرە گەورەکان باسی دەکات، پێشتر دینێکی ئاسمانی بووە، بەڵام وەک دینەکانی دیکەی جگە ئیسلام توشی لادان و تێکدان بووە، بەوەی مەغۆل باوەڕیا ن بەخودایەک هەبووە هەروەک مەنکۆ خان بە نێردراوی مسیحیەکان دەڵێت: "ئێمە گەلێکین باوەڕمان بەتەنها خوایەک هەیە کە دەسەڵاتی بەسەر ئاسمان و زەویدا هەیە، بەڵام پەنجەکانی دەست جیاوازن. کتێبی داوە بەئێوە، وا پارێزگاریتان لێنەکرد، بەڵام (شامان)ی دا بە ئێمە، وە ئێمە بەوجۆرە دەکەین کە فەرمانی پێکردوین!"

لەهەمان کاتدا باوەڕیان وابوو کە ڕوحی باو و باپیرانیان پارێزگاریان لێدەکەن، وە خۆر نیشانەیەکی خوایە و پیرۆزە و، ئاسمانیش بەهەمان شێوە

هتد... واتە لەکاتێکدا زیاتر لەخوایەکیان دەپەرست و قوربانیان بۆدەکردن بەئاژەڵە دڕندەکان.

## زەمینەسازی بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی مەغۆل

جیهان لەکۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی زۆر ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینیووە هەندێکی دڵخۆشکەربوون بۆ موسوڵمانان، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەساڵی ٥٨٣ک هێزی موسوڵمانان بەسەرکردایەتی صلاح الدینی ئەیوبی توانیان قودس ڕزگاربکەن لەدەستی خاچ پەرستەکان، هەروەها لەئەندەلوس موسوڵمانان بەسەرکردایەتی ابو یوسفی کوڕی یەعقوب، توانیان لە جەنگی ئەرەکدا سەربکەون و هێزی کاستێللا بشکێنت لەساڵی ٥٩١ک، وە لەناوچەکانی خۆراسان دوای لاوازبوونی سەلجوقییەکان هێزێکی دیکە هاتە مەیدان کە گومان وابوو بتوانێت ناوچەکە بپارێزێت ئەویش هێزی خەواریزمییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان (تۆکش)، بەڵام ئەم گەشانەوەیە درێژەی نەخایەند، تا لەدوای کۆچی دوایی (صلاح الدین) لەساڵی ٥٨٩ک دا، برا و کوڕ و کەسوکارەکەی دەستیاندایە پلانگێڕی دژی یەکتر. لەناوچەکانی شام و مصر لەسەر کورسی دەسەڵات، لەناو خۆیان و لەگەڵ هاوسێکانیان، لەلایەکی دی دەوڵەتی موحدین لە مەغریب لەناکاودا پارچە پارچە بوو دوای جەنگی عقاب لە ئەندەلوس، وە شکاندنی موحدین لەبەردەم کاستێلادا لەساڵی ٦٠٩ک دا، وە ئەوەش بە خاڵی گۆڕانی مێژوویی دادەنرێت سەبارەت بە جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی. هەروەها لەبەشی باکوری جیهانی ئیسلامی و ئەنادۆڵ سەلجوقییە ڕۆمەکان و تورکە کۆچەرەکان لەبارودۆخێکی سەختدابوون بەهۆی ناکۆکی لەناو دەوڵەتدا لەسەر دەسەڵات. هەروەها لەهەمان کاتدا ناکۆکیان لەگەڵ ئەیوبییەکان و، جەنگی بەردەوام لەنێوانیاندا دوای کۆچی دوایی صلاح الدین بوو بووە هۆی لاوازبوونیان تاڕادەیەکی زۆر،

لەلایەکی دی خەلیفەی عەباسی لەعێراق تەنها ناوێک بوو نەزیاتر. وە دەسەلاتی تەنها بەسەر بەغداد و خوارووی عێراقدا هەبوو، وە جگە دوعای سەر مینبەرەکان هیچی دیکەی بۆ نەبوو. وە جهانی مەسیحیش لەئەوروپا لەبارودۆخێکی زۆر ئاستنەنگ تر لەوەی موسوڵماناندا بوون، وە جەنگێکی بەردەوام هەبوو لەنێوان دەسەلاتی دینی و دەسەلاتی سیاسی کە لە پاپا و پادشادا خۆی دەبینیەوە، وە لەهەمان کاتدا زۆر شکستی گەورەیان خواردبوو لەجەنگی خاچیان دژی موسوڵمانان و بەتایبەتی هەڵمەتی خاچی چوارەم و پێنجەم کە شکانێکی گەورەبوون بۆ جیهانی مەسیحی و خودی پاپا کە لەیەکێکیاندا سەرکردەی هەڵمەتەکە گیرا و لەوەی دیکەیان سەربازەکان وەکو کۆیلە فرۆشران (هەڵمەتی منالانی خاچ پەرست). سەرەڕای هەموو ئەمانەش جیهانی ئیسلامی و مەسیحی لە داڕوخانێکی ئەخلاقی گەورەدابوون. لەجیهانی ئیسلامیدا موسوڵمانان تاوان لایان ئاساییبوو بوو، وە شوێن دونیا کەوتبوون، زیاتر کاتەکانیان لەگەڵ کەنیزەکەکاندا دەبردە سەر و خەریکی کۆکردنەوەی زێڕ و خواردنەوەی شەرابیوون، لەگەڵ ئەوەی زانست بەردەوامبوو بەلام هونەری جەنگ و جیهاد و تێکۆشان و ڕوحی نەبەردی و ئازایەتی و ئارامگرتن بەرەو دواوە چوبوو. وە زۆرینەی موسوڵمانان ئامادەییان تێدانەبوو دونیا جێبهێڵن بەهۆی ئەو نازوونیعمەتەی بەسەریاندا ڕژابوو لەلایەک، بۆیە جیهان ساز و ئامادەبوو بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی بۆ مردنی دەوڵەتانێکی پیر و پەکەوتە و دەرکەوتنی دەوڵەت و هێزێکی دیکەی ئاوا تازە پێگەشتوو، ئەمەش ئەو هەلەبوو کە بۆ مەغۆل ڕەخسا بێ ئەوەی کاری لەسەر بکەن یاخود دەستیان تێیدا هەبێت. بۆیە هەمووان بەو بەلایەیان دەزانی کەخوا ناردوێتی بۆجیهان تا وریایان بکاتەوە و جارێکی دی بچنەوە بەخۆیاندا.

# جەنگیز خان

تیمۆجین کوڕی یۆسۆکای لەساڵی ٥٤٩ک لەهۆزی کیات لەدایک دەبێت، پاش گەڕانەوەی یۆسۆکای باوکی لەجەنگی تاتار، وەکو مێژوونوسان دەڵێن ناوی تیمۆجین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکردە تاتاریەی کە یۆسۆکای سەری دەپەڕێنێت لەجەنگەکەیدا. وە خودی ناوەکەش واتا (پیاوی پۆلاین)، زۆر نابات و لەتەمەنی ٩ساڵیدا تیموجین باوکی تیرۆر دەکرێت لەلایەن دوژمنەکانیەوە، بەمەش هۆزەکەی بەبێ سەرکردە دەمێنێتەوە، وە بەهۆی منالی تیمۆجینەوە هۆزە مەغۆلەکانی دیکە ئەم هەلە دەقۆزنەوە، هەندێکیان پشتی هۆزی کیات بەردەدەن و هەندێکی دیکەیان دەکەونە تالانکردن و ئازاردانیان، وە لەناویشیاندا هۆزی تایگۆن کە ڕقێکی زۆری لەناخدابوو دژی یۆسۆکای و هۆزەکەی، بۆیە ئەمەیان بەهەلزانی بۆ بنبڕکردنی نەوەکانی.

نەبەردی: وەک زۆربەی سەرکردە هەڵکەوتووەکانی دیکە تیمۆجین بەزۆر تاقیکردنەوەی سەختدا تێدەپەڕێت لە ڕاوەدوونانی لەلایەن دوژمنەکانییەوە هێرشکرانە سەر هۆزەکەی هتد... بەمەش لەسەر ئازایەتی و پشت بەخۆبەستن و وریایی پەروەردە دەبێت. وە من وەک تێبینیم کردووە هەڵکەوتنی جەنگیز خان و ئەرطغرلی کوڕی سلیمان شا لەزۆر ڕووەوە لەیەک دەچن، هەردووکیان لەناو ئەوپەڕی ئازاردا دەرکەوتن و بوونە فریادڕەسی ئومەتاکانیان.

دەرکەوتن: وەکو پێشین دەڵێن هەرچەند ئاسن بکوترێت بەهێزتر دەبێت، هەرچەندە زیاتر هێز بکرێتەسەر ژێی کەوان تیرەکەی زیاتر دەڕوات، دوای ئەوەی زەمەنی میحنەت و ئازار تێدەپەڕێت، تیموجین بەهۆی سەرکەوتنی بەسەر هێرشی هۆزەکانی چواردەوی پلەوپایەی بەرز دەبێتەوە و ناوی دەردەکەوێت وەک و سەرۆکێکی بەهێز. بۆیە لەسەر ڕێڕەوی باوکی هاوپەیمانی دەکات لەگەڵ طوغرۆل دژی تاتارییەکان، وە پێکەوە لەگەڵ چەند هۆزێکی دیکە و بەیارمەتی چینییەکان لەناویان دەبەن لەساڵی ٥٨١ک، ئەمەش دەبێتە

مەدالیای شەرەفی یەکەم و بەبەری تیموجیندا دەکرێت، وە پلەی زیاتر و زیاتر لەناو هۆزەکاندا بەرزدەکاتەوە. وە وەکو سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازی بەدیار دەکەوێت، ئەمەش ڕێز و هەستی هیوای گەلی مەغۆل ڕادەکێشێت بۆ ئەم سەرکردە تازە پێگەشتووە.

جەنگیزخان: دوای مردنی طغرل هاوپەیمانی کرایت و جەنگیز خان کۆتایی دێت بەهۆی کێشەیەکی سیاسی کە دەکەوێتە نێوانیان، لەساڵی ٥٩٩ک جەنگیز خان کۆتایی بەدەسەڵاتی هۆزی کریت دەهێنێت. پاش ئەوە ڕوودەکاتە نایمانییەکان و ئۆیغۆرییەکان دوای کۆکردنەوەی هۆزە مەغۆلیەکانی دیو چۆکدادان بەسەرکردەکانیان. وە لەساڵی ٦٠٢ک دوای چۆڵبوونی مەیدانەکە لە هەموو جۆرە ڕکابەرێک، هێرشدەکاتە سەر نیامانییەکان کە لەبەشی ڕۆژهەڵاتی مەنغۆلیادا نیشتەجێبوون و خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆبوون، وە سەردەکەوێت بەسەریاندا کۆتا هێزی سنوری مەنغۆلیا تێک دەشکێنێت، بەمەش جەنگیز خان تاجی خانی مەغۆلی لەسەر دەنرێت، دوای کۆکردنەوەی سەرکردەی هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی لە (قەرەقۆرم) وە لەوێدا (یاسا) دادەڕێژێت، بەمجۆرەش سنوری هێرشی مەغۆلی ناوچەی مەغۆلیا تێدەپەڕێنێت و ڕوودەکاتە چین(١).

## هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی جەنگیز خان

سەرەتا دەبێت ئەوەمان لە یادبێت، هەموو سەرکردە و فاتحەکان چەند تایبەتمەندیەکی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەو سەرکردەیەی کە بواری بۆ دەڕەخسێت لەگەڵ ئەوەی کە بوارەکان دەڕەخسێنێت وە کاریگەرە لەسەریان. وە جەنگیز خان سەرکردەیەک بووە

(١) سەرچاوە: تاریخ المغول من جنکیز خان الی تیمورلن/ جهانگشای جوینی/ تاریخ المغول بین الانتشار والانکسار.

لەجۆری دووهەم، چونکە لەناو میحنەت و ئازاردا دەرکەوتووە نەک لەکۆشکی حوکمڕانییەوە دەسەڵاتی پێگەشتبێت بۆ ماندوبوون و قوربانیدان.

**تایبەتمەندییەکانی جەنگیز:**

١. **ئازایەتی:** جەنگیز خۆی ئازایەتییەکەی دیاربووە بەوەی کە لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بەژداری لەهەڵمەتەکانی کردووە و سەرکردایەتی سوپاکەی کردووە، لەهەمان کاتدا ئازایەتی دوژمنەکانیشی لا ڕێزداربوو، وەکو (جوێنی) دەگێڕێتەوە کە لەدوای سەرکەوتنی بەسەر سوپای جلال الدینی خوارزمیدا لەساڵی ١٢٢١ز دا، هەستی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئازایەتی جلال الدین. وە دەڵێت پێویستە دایکەکان مناڵی ئاوایان ببێت.

٢. **سەخاوەت:** کەسێکی سەخیبوو لەبەخشین بە ئەفسەرانی و پاکەی و ئەو کەسانەی بەوەفابوون بۆی و، هیچکات دەستی لەهیچ کەسێک نەگرتۆتەوە کە پێویستی بووبێت. بەهەمان شێوە جوێنی دەڵێت: "جارێک سێ بازرگانی چینی شوتی یان کاڵەک بەدیاری دەهێنن بۆ جەنگیز، ئەویش لەبەرامبەردا فەرمان دەکات بە هاوسەرەکەی گوارەکانی خۆی بدات پێیان، بەڵام هاوسەرەکەی ڕەتیدەکاتەوە، ئەویش پێی دەڵێت یان دەیاندەیتێ یان ئەمشەو لەگەڵتدا دەخەوەن!"

٣. **ئیرەیی:** لەهەرشتێکدا بەموڵکی خۆی زانیبا ئیرەیی لێدەکرد بەجۆرێک ڕازی نەبوو نزیکترین کەسەکانیشی دەستی لێبدەن بەبێ ئیزنی خۆی، هەروەک ئەوەی بەسەر کوڕەکانیدا ڕوویدا لەدوای هێنانەوەی غەنیمەی جەنگی خەوارزم و دابەشکردنی بەسەر خۆیاندا و لەبیرکردنی باوکیان. وەک مێژوونوسان دەڵێن بەجۆرێک جەنگیز لێیان توڕەبوو هێندەی نەمابوو لەملیان بدات و کۆتاییان پێ بهێنێت!

٤. **هاوڕێیەکی بەوەفا:** هاوڕێیەکی بەوەفابوو بۆ ئەوانەی کە لەگەڵیدا بەوەفابوون، لەهیچ جێگەیەکدا پشتیانی لەزەوی نەدەدا، لەکاتی

سەرکەوتنیاندا بەسەریاندا هەڵیدەدا و کە دەچوونە بەرەکانی جەنگ وەک منالّی خۆی وەسیّتی بۆ دەکردن و نەیدەکردنە ئەداتێک پاش کۆنبوونیان فڕێیان بدات. وە نمونەی ئەم بابەتەش وەسێتەکەیەتی بۆ سۆبۆتای لەکاتی دەرچوونی بۆ جەنگ دژی هۆزی مرکیت، کە تێیدا وردەکاری ڕێگە و کاروبارەکانی بۆ ڕاڤە دەکات تا هیچ ئاستەنگییەک نەیەتە ڕێگەیان. وە چۆن ئامۆژگاری "جوجی" کوڕی دەکات تا لەفەرمانی سۆبۆتای دەرنەچێت، یاخود کاتێک ئەفسەرێکی لەجەنگدا شکستی دەخوارد لەجێی لۆمەکردن، خۆی دەچووە مەیدانی جەنگەکە و ئەو هەڵەیەی بۆ ڕاست دەکردەوە کە تێیکەوتووە و بەهۆیەوە شکستی هێناوە. وەک ئەوەی بەسەر بومۆخالی دێت لەجەنگی یەکەمی دژی جلال الدین منکدر لە ساڵی ١٢٢٤ز.

٥. توندڕەوی: شاراوە نییە کە ئەم سیفەتە یەکێکە لە سیفاتە دیارەکانی جەنگیز، ئەمەش بۆماوەیی هۆزە تورکیەکان و مەغۆلەکان بووە، تەنانەت لەنێوان خۆشیاندا لەکاتی جەنگدا نەگەڕاونەتەوە لەکوشتنی منالّ و ژن و پیر لەیەکتر، وە دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانی بەدیل گیرا و لەپێش چاوی کەسوکاریان.

٦. ناسینی پیاوانی (معرفه الرجال): یەکێک لەهەرە سیفەتە دیارەکانی جەنگیز ناسینی پیاوان بوو، وە بەپێی توانایان دایدەمەزراندن، وە دەیخستنە جێگەی شیاو بەخۆیان، وە نمونەی ئەوەش زۆرە کە چۆن ئەو سەرکردە گەورانەی هاوشێوەی (سۆبۆتای، موخالی، نۆیان، -کاتبۆغا...) لەجێگەی خۆیان دانابوو بەجۆرێک سوپای دەدایە دەستیان بەوپەڕی متمانەوە، وە دابەشی دەکردن بێ هیچ ترسێک، چونکە دەیناسین ئەوانە چی جۆرە ئەفسەرێکن.

٧. پیاوی دەوڵەت: جەنگیز تەنها پیاوی جەنگ نەبوو بەڵکو توانی سەربازی لەگەڵ توانای  سیاسیدا کۆکردبۆوە. وە هەمیشە هەوڵی دەدات کارەکانی لەسنوری توانایدابێت، وە لەتەمەنیدا یەک جەنگی نەدۆڕاند و پاش خۆی

ئیمپڕاتۆرییەکی بۆ نەوەکانی جێهێشت لەماوەیەکی کورتدا، گەربێیتو بەراوردی بکەیت لەگەڵ ناپلیۆن یاخود ئەسکەندەری مەکەدۆنی، دەبینیت ئەوان نەیانتوانیووە وەک جەنگیز دەوڵەت بەڕێوەببەن. بۆنمونە ناپلیۆن بەهۆی گەوجی هێرشەکەی بۆسەر ڕوسیا ئیمپڕاتۆریەکەی لەناوچوو بەبەرچاوی خۆیەوە و خۆشی لە دورگەیەکدا بەنەفی کراوی مرد. وە ئەسکەندەریش سوپاکەی لەهندا بەهیلاکدا برد بەجۆرێک کە سێیەکیان لەڕێگادا مردن پاش گەڕانەوەیان و دەوڵەتەکەشی لەناو ڕۆژهەڵاتدا توایەوە دوای مردنی خۆی.

بەهەرحاڵ گەر جەنگیز لەم زەمەنەی ئێمەدا بژیایە ئەوا خاوەنی هیچ نەدەبوو بەهەموو ئەو سیفەتانەی کە تێیدابووە، چونکە ئەم سەردەمە خەڵەتێنەرە، گەوجەکان تێیدا بەرزدەبنەوە و، گەورەکانیش بچووک دەکرێنەوە.

## یاسای جەنگیز خان

پێش بە خان بوونی جەنگیز خان، مەغۆلەکان کۆمەڵێک لەدابوونەریتیان هەبوو، بەڵام هیچ کام لەو دابوونەریتانە نەنوسرابوونەوە، بەڵکو جێبەجێ دەکرا بێ نوسینەوەیان، بەهۆی ئەوەی گەلی مەغۆل گەلێکی نەخوێندەواربوون و کەمبوون ئەوانەی توانای نوسین و خوێندنەوەیان هەبووە. بۆیە کاتێک جەنگیز دەبێتە خانی مەغۆل، یەکەم کار کە پێی هەڵدەستێت نوسینەوەی ئەو دابوونەریتانەیە لەگەڵ زۆر بابەتی دیکە کە بۆی زیاد دەکات لەسەر بیروڕای خۆی، بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوان هۆزە جیاجیاکان و کۆکردنەوەیان لەسەر یەک پەیڕەو و پڕۆگرام. پاشان فەرمان دەکات بەفێرکردنی مندالان، وە لەدوای خۆی ئەم دەستورەی جەنگیز خان (یاسا) دەبێتە ڕێبەری مەغۆلەکان و بە پیرۆزترین شتێک دایدەنێن لەژیانی خۆیاندا و، تەنانەت دوای موسوڵمان بوونیشیان ئامادە نەبوون دەستی لێهەڵبگرن و بەپیرۆزی سەیریان دەکرد.

هاوشێوەی غازان و تەیمور لەنگ و زۆرێکی دی لەمەغۆل کە خۆیان بە موسوڵمان دەزانی، بەلأم پەیڕەوی یاسای جەنگیز خانیان دەکرد نەک قورئان.

یاسا و لەزمانی مەغۆلیدا بەواتای (بنەما و ڕێوشوێنی دەسەلأت و قانون) دێت، بەشێکی زۆر لەیاسا پەیوەستە بە سزای سەخت لەبەرامبەر ئەو کارانەی کە دژی دابوونەریتی مەغۆلی بوون وەک (سەربڕینی ئاژەڵ یان خۆشۆردن لەئاوی وەستاودا یان زیناکردن یان دزی یان نێربازی هتد...) کە هەموویان یان زۆربەیان سزای بکەرەکەی کوشتنە بەشێوازێکی دڕندانە!

بۆیە بەتێپەڕبوونی کات یەکێک لەماناکانی مردنی دەگەیاند، وە هۆکاری ئەم توندییەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێنڕێژی گەلی مەغۆلی و بەربەریەتیان لەناو یەکتردا بۆیە دەبوو دەستورێکی توند و تۆڵ و جدی ڕایان بگرێت تا نەگەڕێنەوە سەر ڕێبازی پێشویان.

**بەکورتی ناوەڕۆکی یاسا خۆی لەسێ خاڵدا دەبینێتەوە:**

١-چۆکدادان و تەسلیم بوون بە فەرمانەکانی خان.

٢-یەکخستن لەژێر ڕکێفی هۆزێکدا، واتە کۆبوونەوەی ٥٠هۆزی مەغۆلی لەژێر ڕکێفی هۆزەکەی جەنگیز خان کیات.

٣-سزای توند بۆ هەر تاوانبارێک.

مەقریزی دەڵێت: ئەم یاسایانە مەغۆلەکان لەسەر پەڕەی ئاسنین نوسیانەوە پاش دەرچوونی فەرمانی خان بەنوسینەوەی، وە جەنگیز خان هیچ دینێکی نەبووە بۆیە ئەم وە بۆخۆت ئەوەت بۆ دەردەکەوێت ئەگەر ژیانی بخوێنیتەوە.

پاشان خودی مقریز لەکتێبەکەیدا (الخطط) باسی وردەکاری یاساکان دەکات ئەگەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری[١].

## لەدایکبوونی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی

لەگەڵ ئەوەی جەنگیز خان تەواوی مەغۆلی کۆکردەوە لەژێر ئاڵای یەک خاندا و، وەک هێزێکی مەیدانی جیهان دەرکەوت، بەڵام خەونەکانی زۆر لەوە فراوانتربوو کە لەسنورێکی بچووکدا کۆیبکاتەوە، بۆیە لەهەمان ساڵی هەڵبژاردنی وەک خانی مەغۆل ٦٠٢ک، بڕیاریدا هەڵمەتێکی نوێ دەستپێبکات بەرەو دەرەوەی مەنغۆلیا، وە بۆ نزیکترین ناوچەکە چینە.

**داگیرکردنی چین:** لەماوەی ١٠ساڵ واتە لە ٦٠٢ک تا ٦١٢ک توانی کۆتایی بەئیمپڕاتۆریەتی زێڕینی چینی بێنێت کە چەند شانشینێک حوکمیان دەکرد، لەگرنگترین ئەو شانشینانە (شانشینی تانگۆت) کە لاوازترینیان بوو، وە لەناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای چیندا دەسەڵاتداربوون، بەدەستگرتنی بەسەر ئەو ناوچەیەدا بەسێ هەڵمەتی یەک لەدوایەک و لەساڵی ٦٠٦ک توانی چین لەبەشی ڕۆژئاوا گەمارۆبدات و دەستبگرێت بەسەر ڕێگە بازرگانییەکانیدا، هەروەها لەناوەڕاستی چین (شانشینی کین) دەسەڵاتداربوو کە بەهێزترین شانشینی ناوچەکەبوو، جەنگیز خان پاش دەستگرتنی بەسەر تانگۆت، توانی بەزنجیرەیەک هێرشی سەربازی یەک لەدوای یەک، کینییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی دوای داگیرکردنی شاری (پەکین) لەساڵی ٦١٢بەیارمەتی هۆزێکی بەڕەچەڵەک مەغۆلی ژێر ڕکێفی ئەو شانشینە بەناوی (کتایی) دوای ڕاگەیاندنی هەڵگەڕانەوەی لە چینییەکان و پشتگیری جەنگیز خان، بەمەش ئیمپڕاتۆر کین ناچار دەبێت بە مۆرکردنی پەیماننامەیەی خۆبەدەستوەدان،

---

(١) المغول بين الانتشار و الانكسار/ محمد صلابي.

بەم شێوەیە چین بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکرێت لەلایەن مەغۆڵەوە، لەگەڵ مانەوەی ڕەچەڵەکی (کین) وەک حاکمێک لەژێر ڕکێفی مەغۆڵەکان تا ساڵی ١٢٧٩ز لەسەر دەستی کۆبۆلای خان بنەبڕکران، بەهۆی هەڵگەڕانەوەیان لەخانی گەورە.

داگیرکردنی چین لەزۆر ڕووەوە سودێکی گەورەی هەبوو بۆ لەدایکبوون و بەهێزبوونی ئیمپڕاتۆرییە نوێیەکەی مەغۆل لەهەموو ڕووەکانەوە. بۆنمونە لەڕووی جوگرافییەوە دەتوانین بڵێین قەڵایەکی پارێزەربوو بۆ مەغۆل لەبەشی باشور و ڕۆژئاوای وڵاتەکەیان بەمەش دەیپاراستن لەهەر هێرشێک کە بیەوێت بەئامانجیان بگرێت لەلایەن دەوڵەتی خەواریزمییەکانەوە کە سنورداربوون لەگەڵیاندا بەهۆی زنجیرە چیای هیمالای کە ڕێگر و بەربەستێکی سروشتی بوو لەبەردەم سوپاکاندا. هەروەها لەڕووی سیاسییەوە دەستبەسەراگرتنی چین وایکرد کە چیدی مەغۆل وەک ئیمپڕاتۆریەتێک تەماشا بکرێت نەک هۆز گەلێکی بەربەری و بێسەر و بەر. بەهەمان شێوە لەڕووی ستراتیژییەوە، چین بنکەی هەناردەکردنی ئاوریشم بوو لەجیهاندا، هەروەها ڕێگە بازرگانییەکانی ناوچەکەی لەخۆگرتبوو، بەم جۆرە بووە پاڵپشتێکی ئابووری بەهێز و توانایەکی دیکەی خستەپاڵ تواناکانی مەغۆل بۆ ئامادەکردنی سوپا و بەڕێوەبردنی بژێوی گەلەکەیان. وە دەتوانین بڵێین ساڵی ٦١٢ک لەدایکبوونی ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلییە کە لەدوایدا دەبێتە کابووسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەهێزترین و گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی پێکەوە بەستراو لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا[١].

(١) سەرچاوە (تاريخ المغول بين الانتشار والانكسار/المغول من جنكيز خان الى قيام دوله تيمورلنك).

# هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر یاساق

سەرەتا دەبێت بزانین کە یاساقی جەنگیز خان هاوشێوەی هەر دەستور و ڕێسایەکی دیکەی دەستی مرۆڤە کە بەدرێژای مێژوو نوسراوە، واتە هیچ جیاوازییەک لە گەوهەری بابەتەکەدا نییە، جا ئەو ڕێسایە کەسێک دایبنێت لە ڕۆژهەلاتی جیهان بێت یان ڕۆژئاوا، یان لەزەمەنێکی دووردا دابنرێت یاخود زەمەنێکی نزیک، دانەرەکەی زانایەک بێت یان نەزانێک، وەکو پەندەکەی ڕۆم دەڵێت: "هەموو ڕێگاکان دەچێتەوە سەر ڕۆما". بەم شێوەیە هەموو ڕێسا دەستکردەکانی مرۆڤ دەچنەوە سەر یەک تولەڕێ، ئەویش بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، واتە ئەوەی دایناوە دروستکراوە نەک بەدیهێنەری و دروستکار. وە دەزانین لەهەمان کاتدا ئێمە وەکو موسوڵمانان کە تەنها یەک کەس ڕێسا دانەرە، ئەویش خودا و بەدیهێنەری مرۆڤ و دروستکراوەکانی دیکەیە، وەک دەفەرموێت: (إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ) واتە: دادوەری کردن و ڕێسا دانان تەنها بۆ خودایە.

هەروەها لەڕووی لۆژیکیغەوە دەزانین کە هەموو هەستەوەرەکانی مرۆڤ سنوردارن، بۆنمونە چاو توانای بینینی لەنێوان سور و بنەوشەیدایە، وە تیشکەکانی دوای ئەوان نابینێت، هەروەها توانای بیستنی لەنێوان HZ20_20,000، واتە جگە ئەو ناوەندە نابیستێت، بەهەمان شێوە ژیری مرۆڤ سنورێکی هەیە و ناتوانێت تێیپەڕێنێت، بۆیە دەبێت ئەوەی کە بەدیهێناوە ڕێسای ژیانی بۆ دابڕێژێت، وە سنوری کارەکانی دیاری بکات نەک خۆی بە بیر و هزری خۆی دەستور دابڕێژێت.

کەواتە حوکمی شەریعەت لەسەر یاسای جەنگیز خان مەبەستمان پێی هەموو ئەو دەستور و ڕێسایانەیە کە مرۆڤ دایدەنێت، بەبێ جیاوازی هەموویان یەک حوکمی شەرعیان هەیە ئەویش ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ

فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ [ٱلۡكَٰفِرُونَ - ٱلظَّٰلِمُونَ - ٱلۡفَٰسِقُونَ]﴾، واتە: هەر کەسانێک بەو دەستورە کار نەکات کە خوای گەورە دایبەزاندووە ئەوا (کافرن - ستەمکارن - فاسقن)، کەواتە هەر سێ سیفەتە چەوتەکەیان تێدایە. وە تەواوی زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئەوەی کار بە یاساق بکات لە ئیسلام دەردەچێت، بەمەرجێک بەویستی خۆی بێت نەک بەزۆر پێیبکرێت وەک ئەو خەڵکەی کە چەندین ساڵ لەژێر ڕکێفی مەغۆلدا دەژیان و ئەم دەستورەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرا بێ ویستی خۆیان.

لەوانەیە کەسێک بڵێت یاسا پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە بۆیە زانایان ئەو حوکمەیان لەسەر داوە؟

بەپێچەوانەوە زۆر بابەتی تێدابوو وەک کوشتنی زیناکار و بکوژ و سیخوڕ هتد... کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا یەکیدەگرتەوە، هاوشێوەی هەر دەستورێکی دیکەی ئەمڕۆ کە زۆر بابەتی تێدایە هاوڕایە لەگەڵ شەرع، وە بابەتانێکی دیکەی تێدایە پێچەوانەی شەریعەتە، بۆیە هەڵوێستی شەرع لەسەریان یەک هەڵوێستە ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ﴾ واتە: سوێندبێت بەوەی کە بەدیهێناوی و پەروەرێنتە نابنە باوەڕدار تا ئەوکاتەی لەهەموو ناکۆکیەکانیاندا دەتکەنە دادوەر [مەبەست لێرەدا پێغەمبەرە، بەڵام پێغەمبەریش بەوە کاریکردووە کەلای خوداوە بۆی هاتووە].

بەداخەوە زۆرێک لە مەغۆلەکان تەنانەت دوای باوەڕهێنانیان بەئیسلام، لەسەر یاسای جەنگیز خان مابوونەوە و لەزۆر کاروباری ژیانیشیاندا لەجیاتی گەڕانەوەیان بۆ قورئان دەگەڕانەوە بۆ یاسا، لەوانەش (برکە خان) سەرکردەی هۆزی زێڕین کە لەناوچەکەنی باشور و خۆرئاوای ڕوسیا و کازاخستان و ئۆزباکستان و قەفقاز دەسەلاتداربوون لەسەر یاسای مابوونەوە و کاریان پێدەکرد. تەنانەت بەرەکە خان لەکاتی ناردنی نامەی هاوپەیمانی

دژی هۆلاکۆ بۆ سوڵتان ظاهر پیپرسی سوڵتانی مەمالیك کە لە میصر و شام دەسەڵاتداربوو، یەکێک لەمەرجەکانی بۆ هاوپەیمانی ئەوەبوو کە نابێت لە ئاوی وەستاودا جلەکانیان بشۆن! ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەیاسای جەنگیز خاندا جل شۆردن لەئاوی وەستاودا قەدەغەیە!

لەگەڵ ئەوەی بەرەکە خان خۆی و خانەوادە و هۆزەکەی بووبوونە موسوڵمان و لە هەموو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتیدا بانگبێژ و مزگەوت و قوتابخانەی لەبەرکردنی قورئان هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا یاساق لەلایان پیرۆزبوو، وە کاریان پێدەکرد. بەهەمان شێوە (غازان)ی نەوەی هۆلاکۆ لەناوچەکانی ئێران و عێراق موسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندبوو، لەهەمان کاتدا حوکمی بەیاساق دەکرد نەک قورئان. وە تەیمور لەنگ بەهەمان شێوە دوای کاڵبوونەوەی ئەو دەستورە، جارێکی دی لەئیمپڕاتۆریەکەیدا زیندووی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی هەموو قورئانی لەبەربوو، وە شارەزایی تەواوی هەبوو لە شەریعەتی ئیسلامیدا! بەڵام بەهۆی هەوەسی قەومگەرایەتی و کاریگەربوونی بە باپیرە گەورەی (جەنگیز خان) ئەو یاسایەی گەڕاندەوە.

لەکۆتایدا یاسا و هەموو دەستورەکانی دی جگە قورئان لای ئێمە هیچ جیاوازییان نییە لەگەڵ ئینجیل و تەوراتی گۆڕدراو، وە ڕازیبوون و کارکردن پێیان هەڵگەڕانەوەیە لەئیسلام.

# دەوڵەتی خەوارزمی و ڕووخانی لەناکاو

ئیبن خەلدون پێی وایە کە هەموو دەوڵەتێک دەبێت بە سێ قۆناغدا بڕوات (لەدایکبوون، گەنجی، پیری و مردن)، هەروەها لەسەرەتاوە تا کۆتایی دابەشیان دەکات بەسەر سێ نەوەدا: نەوەی یەکەم (دروستکەری دەوڵەت)، نەوەی دووهەم (فراوانکار و بەهێزکار)، نەوەی سێهەم (ڕوخێنەر)، وە دەڵێت

کە جیلی یەکەم لەسەر توندی و جەنگ و تێکۆشان و بەرخۆدان بەردەوام دەبن و، جیلی دوای خۆیان ڕادێن لەسەر هەمان ڕێڕەو، بەڵام دوای ئەوەی جیلی دوای جیلی دووهەم دەکەوێتە ناو نازونیعمەتەوە، ئەو بیرە تێکۆشان و سەروەریەی باوباپیرانی تێدا کاڵ دەبێتەوە، وە لەڕووخانیان ناترسن چونکە دروستبوونیان نەبینیووە، بۆیە لەوێووە خلبوونەوە دەستپێدەکات بەرەو خوارەوە، وە بەڕوخانی دەوڵەت کۆتایی دێت.

وەک هەموو یاسایەک هەمیشە کۆمەڵە بابەتێکی شاز و تایبەت ناگرێتە خۆی، دەوڵەتی خەوارزمیش بەداخەوە نەکەوتە ناو ئەم یاسایەی ئیبن خەلدونەوە، چونکە لەڕاستیدا هێشتا لەوپەڕی گەنجیدابوو کە کۆتای پێهێنرا لەماوەیەکی زۆر کورت و پێوانەیدا، هێشتا لەتێکشکاندنی دوژمنەکانیدابوو مۆمی شکۆی کوژایەوە. وە کۆتا کیانیش کە لەسەر دەستی خەوارزمییەکان و بەدەستی (علاء الدين محمد خوارزمشاه) لەناوبران، دەوڵەتی غورییەکان و ختای بوو لەناوچەکانی ئەفغانستان و باکوری هندستان و ناوچەکانی (ماوراء النهر) و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان کۆنترۆڵکرا لەسەر دەستی خەوارزمییەکان لەساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز). نەک هەرئەوە بەڵکو هەوڵی لەناوبردنی خەلافەتی عەباسیدا دوای کۆکردنەوەی سوپایەکی گەورە بۆ هێرشکردنە سەر بەغداد لەساڵی (٦١٤ک /١٢١٧ز)، بەڵام بەهۆی زریانێکی گەورەوە لەزستانی ئەو ساڵە هێرشەکەی شکستی پێهات.

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەوڵەتی خەورازمی لەوپەڕی بەهێزیدابوو لەسەردەمی محمد خوارزم شاه، وە دەوڵەتێکی گەنج بووە و لە زیادبوونی دەسەڵاتیدابوو نەک پوکانەوە و کەمبوونەوەی، بەڵام ئایە دەبێت چی وابکات لەماوەی نزیکەی ١٠ساڵدا ئەو ئیمپڕاتۆرییە بەهێزە بتوێتەوە و ناوی نەمێنێت؟!

هۆکار: سەرەڕای پەرتەوازەیی جیهانی ئیسلامی دەوڵەی خەوارزمی هەوڵی زیاتر پەرتەوازەکردنیدا جارێکی دی، بەوەی خەلافەتی بەغدادی

ڕەتکردەوە و خەلیفەیەکی دیکەی لە تەبرێز هەڵبژارد، هەروەها دەوڵەتێکی ستەمکاربوو بەسەر گەلانی ژێر دەسەڵاتی و باج و سەرانەی زۆری لێدەسەندن، هەروەها دووری خستبوونەوە لە فێربوونی جەنگ تا ڕۆژێک لەڕۆژان بیر لە هەڵگەڕانەوە نەکەن. بەهەمان شێوە لەجێی زانا و داناکانی گەل کۆمەڵێک گەندەڵ و مرۆڤ گەلێکی چەوت دەستوداری پادشابوون، وە پادشا خۆشی لەناو هەوا و ئارەزودا غەرق بوو، دوای ئەوەی هیچ مونافیسێکی لەناوچەکەدا نەبوو تا بترسێ لە کێبڕکێ لەگەڵیدا لەسەر دەسەڵات.

لەبەرامبەردا مەغۆلەکان لەناو خۆیاندا بەوپەڕی دادوەری ڕەفتاریان دەکرد و گرنگیان بەیەکتر دەدا و وەفایان بۆیەک هەبوو، لەهەمان کاتدا گەلێکی شەڕانگێزبوون بەهۆی پەروەردەبوونیان لەچیا و دەشت و بیابانە ساردەکان و ژیانیان لەناو مەینەتیدا، تەنانەت ئافرەتانیشیان شەڕکەربوون!

بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هۆکاری ڕووخانی خەوارزمییەکان نزمی ئاستیان بوو لەبەرامبەر مەغۆلەکاندا بەڕادەیەکی زۆر لەهەموو ڕووەکانەوە (جەنگی، سیاسی، دەرونی، کۆمەڵایەتی)، بۆیە پێش دەست پێکردنی جەنگەکە ئەنجامەکە ڕوون بوو.

وە هەروەکو عمر دەفەرمووێت: "ئێمە لەگەڵ دوژمنانماندا بەکەمی تاوانەکانمان و زۆری تاوانەکانی ئەوان دەجەنگین و سەردەکەوین، نەک چەک و عەتاد، وە ئەگەر هاتوو تاوانەکانمان یەکسان بوو لەگەڵ تاوانی دووژمنانمان، ئەوا لەوکاتەدا هێز و ژمارەی سەرباز و چەک و عەتاد دەدوێت"[١].

(١) سەرچاوە (المغول بين الانشار والانكسار/تاريخ التتار من البدية الى عين جالوت).

## سەرەتای جەنگی مەغۆل و خەوارزم.

داگیرکردنی چین وایکرد کە هاوسنورێک دروست ببێت لەنێوان دەوڵەتی تازە لەدایکبووی مەغۆلی و دەوڵەتی خەوارزمیدا، بۆیە دەبوو هەردوولا بەو ڕاستییە ڕازیبن و بیرێک لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە، بۆیە بەخێرایی هەردوولا نێردراویان گۆڕیەوە و لەسەر دراوسێیەتی و سودی بازرگانی ڕێککەوتن. وە نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە هەردوو دەوڵەت حەزی فراوانبوونیان هەبوو، لەلایەک مەغۆل کە ئیمپڕاتۆری چینی ڕوخاندبوو، لەلایەکی دی خەوارزمییەکان لەهەمان ساڵدا (٦١٤ک/١٢١٧ز) هەردوو دەوڵەتی ختای و غوریان لەناوبردبوو، واتە هەردوولا هێزی تەواویان هەبوو بۆ جەنگ، بەڵام چاوەڕێی هەلومەرجێکیان دەکرد بۆئەو کارە.

## هۆکاری پێکداچوونی دوو دەوڵەت:

سەرەتای باسەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە مەغۆل چەند سیخوڕێک لەبەرگی بازرگاندا دەنێرن بۆ شاری ئەترار، وە لەوێدا سەرکردەی ئەو شارە کە ناوی (یەنال خان) دەبێت ئاشکرایان دەکات، پاشان دەیانکوژێت جگە دانەیەکیان کە هەواڵەکە دەگەیەنێتەوە بە مەغۆل. مێژوونوسان ڕاجیایان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام هەموویان کۆڕان لەسەر ئەوەی سەرکردەی ئەم قەلایە بەبێ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا، وە بەبێ تاوتوێ کردنی بابەتەکە ئەم کارە دەکات. پاش ئەوەی ئەم هەواڵە دەگاتەوە جەنگیز خان، بەخێرایی نامەیەک دەنێرێت بۆ سوڵتان علاء الدین و تێیدا داوای لێدەکات بکوژی ئەو بازرگانانە بدات بەدەستەوە تا وڵات لەخوێندا نەگەوزێت، بەڵام هەڵوێستی سوڵتان زۆر گەوجانتر دەبێت لە هەڵوێستی یەنال خان بەوەی هەڵدەستێت بەکوشتنی یەکێک لەنێردراوەکانی جەنگیز خان، وە دەست لەوانی دیکە هەڵدەگرێت. وە ئەمەش

تەواو دووری  ئەو دەسەڵاتەمان بۆدەردەخات لە دینی پاکی  ئیسلام، چونکە لەئیسلامدا نێردراو ناکوژرێت لەگەڵ گەلێک کە نێردراوی نەکوشتبین.

لێرەوە زەنگی جەنگ لێدرا لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا کە لەدوایدا بەهیلاکچوونی نەک تەنها خەوارزمییەکان بەڵکو تەواوی جیهانی ئیسلامی بەخۆیەوە دەهێنێت بۆ ماوی ٢سەدە.

جوەینی لەبارەی ئەم ڕوداوەوە دەڵێت: "بەڕاستی هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەو بازرگانانە ڕژا، فیدیەکەی بە لافاوێک لەخوێن وەرگیرایەوە لە موسوڵمانان!" وە سەرەڕای ئەوەی سەری ئەوان پەڕێنرا، بەڵام هەر تاڵە مویەکی قژیان باجەکەی سەدان هەزار کەس بەڕوحیان دایان!

هەندێک لە مێژوونوسان هۆکاری دیکەش زیاد دەکەن بۆ ئەم جەنگە، لەوانە ابن اثیر کە پێی وایە خەلیفەی عەباسی ناصر لدین الله، گوایە هەوڵیداوە مەغۆل هەڵنێت بۆ لێدانی خوارزمییەکان لە ڕۆژهەلات و ئەویش لەڕۆژئاواوە هێرشیان بکاتەسەر، بەڵام زۆرێکی دی لەمێژوو نوسان ئەمەیان ڕەتکردۆتەوە بەهۆی نەبوونی بەڵگەیەکی ڕوون لەسەری.

هەروەها هەندێکی دی پێیان وایە کە بەهۆی لەناوبردنی زۆرێک لەسەرکردەی وڵاتە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خوارزمییەکان لەلایەن سوڵتان علاء الدینەوە پاش داگیرکردنی ناوچەکانیان زۆرێک لەناوچەکان ئامادەی داگیرکرانیان تێدابوو بەهۆی توڕەیی خەڵک لەو ناوچانە و نەمانی کەسانی خاوەن ئەزموون بۆ بەرگریکردن لەو ناوچانە، ئەمەش وایکرد لەمەغۆل زۆر دوو دڵ نەبن لەهێرشکردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەریان، بەڵام بەهەر حاڵ هەرچۆنێک بێت مەغۆلەکان بەهانەیەکی زۆر ڕوونیان بەدەستەوە بوو بۆ

هەڵنانی سەربازەکانیان و جولاندنی هەستی جەنگیان لەپێناو لەناوبردنی دەوڵەتی خوارزمی[١].

## هێرشی مەغۆل و ڕووخانی خەوارزمییەکان

پاش ئەوەی هەردوولا لە دانوسانەکانیاندا نەگەیشتنە ئەنجامێکی ئاشتیانە وە بڕیاریاندا زمانی شمشێر بدوێت.

سوڵتان علاء الدین کۆمەڵێک لە سیخوڕەکانی نارده ناو مەغۆل تاکو تەماشای بارودۆخی سوپای مەغۆلەکان بکات لەنزیکەوە، بەڵام لەڕاستیدا خۆی لەخۆیدا ئەوان لێدانێکی دەروونی بوون بۆ خودی سوڵتان بەو هەواڵانەی کە هێنایانەوە لەگەڵ خۆیاندا، لەسەر ئامادەکاری جەنگیز خان و مامەڵەیان لەگەڵ وڵاتی چین، کە چۆن گردیان لە ئێسکو پروسکی دوژمنەکانیان دروستکردوە و لەجێی شەراب خوێن دەخۆنەوە و، ژمارەیان هێندە زۆرە هاوشێوەی (یەئجوج و مەئجوج)ن، وە هیچ بەزەییەک نازانن و لە فەرهەنگیاندا وشەیەک نییە بەناوی سۆز و ڕەحمەت!

لەهەمان کاتدا جەنگیزخان بێ ئەوەی خۆی ماتڵ بکات، سوپایەکی گەورەی پێکهێنا بەڵام پێش ڕێکخستنی ئەو سوپایە لە پێش خۆیەوە سوپایەکی بچووکی نارد بۆ تاقیکردنەوەی توانای دوژمن!

(ئەم ستراتیژییە تا ئەمڕۆش لە ئەکادیما سەربازەکاندا دەخوێنرێت)، ئەو سوپایە لەکۆتاییەکانیساڵی ٦١٥ک/١٢١٨ز، پێشەنگی سوپاکەی جەنگیز ڕووباری جیحۆن یان بڕی و لەوێدا جەنگ دەستی پێکرد بۆماوەی چوار شەو لەنێوان ئەوان و سوپاکەی سوڵتان علاء الدین. بۆماوەی چوار شەو هیچ کام

(١) سەرچاوە (جنگشاه"جوینی"/الغول بین الانتشار والانکسار/تاریخ المغول من جنکیز خان الی دولة التیموریة).

لەم دوو سوپایە نەشکا، بەڵکو هەردووکیان دوای زۆری کوژراوانیان گەڕانەوە، بەڵام لەم کاتەدا وە بۆ جاری دووهەم سوڵتان علاء الدين توشی پیاکێشانێکی دەروونی دیکەبۆوە، بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت ڕوبەڕووی سوپای مەغۆل ببێتەوە، بۆیە لەوکاتەوە دەستی بەڕاکردن و فیرار کرد لەشارێکەوە بۆشارێکی دی لەترسی سوپای مەغۆل!

لەلایەکی دییەوە جەنگیز خان هەلەکەی قۆستەوە و سوپاکەی بۆ سێ پارچە دابەشکرد، بەشێکی نارد بەرەو شاری ئەترار بەسەرکردایەتی ئۆگادای و جۆگۆدای، وە دوای چوار مانگ لە گەمارۆدان و لەسەرەتای ساڵی ٦١٦ک داگیرکرا. وە لەڕاستیدا هێرش بۆسەر ئەم شارە وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک بوو لە ینال خان، لەسەر کوشتنی بازرگانە مەغۆلییەکان، بۆیە زۆر بەتوندی مامەڵەیان کرد لەگەڵیداو وێرانیانکرد و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد. وە لەلایەکی دی سوپای دووهەم بەسەرکردایەتی جوجی کوڕە گەورەی جەنگیز خان ڕوویکردە شاری جند، وە توانی بەبێ بەرهەڵستیەکی ئەوتۆ شارەکە داگیر بکات، چونکە ئەمیری ئەو ناوچەیە پێش گەشتنی مەغۆل شار بەجێ دەهێڵێت و بەرگریکردن بۆ خەڵکی سیڤیل بەجێ دەهێڵێت!

سوپای سێهەم بەسەرکردایەتی جنگیز خان بەرەو ناوەڕاستی دەوڵەتی خەوارزمی دەکشێت و لەڕێگەیدا زۆرێک لەقەلاو قولەکان دەگرێت تا دەگاتە شاری بنکەت، وە توانی بە خیانەت بیگرێت پاش ئەوەی ئەمان دەدات بەخەڵکەکەی، دەچێتە ناو شارەکە و ئەوەی کە پەککەوتە دەبێت دەیکوژێت و خاوەن سنعاتەکان جیادەکاتەوە بۆکاری هەندەسی، ئەوی دیکە دەخاتە پێش جەنگاوەرانیەوە بۆ بەکارهێنانیان لە کارکردن لەگەمارۆدانی شارەکانی دیکە.

پاش ئەوە سوپای جەنگیز خان ڕوودەکاتە بوخارا، وە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گەمارۆی دەدات، پاش ئەوەی بە تەکتیکێکی سەربازی دەتوانێت سوپای خوارزمی پەلکێشبکاتە دەرەوی شارەکە. سوپای مەغۆلی لەسەرەتادا وای

دەردەخات کە شکاوە، بۆیە پاشەکشە دەکات بەرەو دواوە بۆئەوەی سوپای خوارزمی لە شارەکە دووربخاتەوە، وە لەوێدا دەکەوێتە ناو کەمینی مەغۆلییەوە و هیچ سەربازێکیان دەرناچێت و تەواوی سوپاکە لە نێوان دیل و کوژراودا دەکەون.

وە ئەم ستراتیژییە مەغۆلییە لەزۆر ناوچەی دیکە دووبارە دەبێتەوە لەزۆرێک لە جەنگەکانیاندا، وە لەکۆتای ساڵی ٦١٦ک دا شاری بوخارا داگیر دەکرێت دوای تەسلیم کردنی لەلایەن بەشێک لە خەڵکی شارەکە، وە بەهەمان شێوەی شارەکانی دی خاوەن سەنعاتەکان جیادەکرێنەوە و ئافرەتان دەکرێنە کەنیزەک و ئەوی دییان دەکوژرێن یان دەکرێنە پێش سوپای مەغۆلی بۆ کارکردن لەڕیزی کۆمەڵی (حشر)دا، پاشان تەواوی شارەکە دەسوتێنرێت تا تەخت دەبێت لەگەڵ زەویدا!

لەدوای بوخارا سوپای جەنگیز بەڕێدەکەون بەرەو سەمەرقەند، وە لەوێدا بەهەمان شێوەی شارەکانی پێش خۆی کوشتن و بڕین دادەبەزێنێتە سەر موسوڵمانان و پاشان ئەوەی چەکی پێهەڵدەگیرێت دەخرێتە سوپای حشر و ئەوەی دیکەییان دەکوژرێت یاخود دەکرێتە کەنیزەک. وە لەوێدا جەنگیز سوپایەکی ٢٥هەزار کەسی دیاری دەکات بۆ شوێنکەوتنی علاء الدین، بەسەرکردایەتی دوو ئەفسەری بەتوانا (نۆیان و سۆبۆتای) ئامانجی ئەم سوپایە تەنها کوشتنی سوڵتان دەبێت، وە هیچ شارێک گەمارۆ نادات!

واتە دەچنە ناو جەرگەی دەوڵەتی خوارزمی بێ ئەوەی هیچ لایەک ڕێیان لێبگرێت، وە لەپێشیانەوە سوڵتان ڕادەکات لەترسی ئەو سوپایە کە ژمارەیان هێندەی پاسەوانەکانی سوڵتان دەبێت! وە دەچێتە هەر شارێکەوە، ڕادەکات لەدەستیان و جێیدەهێڵێت بەوەی کە تیایەتی و ئامادە نییە ڕوبەڕوویان ببێتەوە!

ئەمەش ترسنۆکی و گەوجی ئەم پادشایە دەردەخات، وە ڕاستی فەرموودەکەی پێغەمبەری ئازیزمان دەسەلمێنت کە دەفەرموویت: "یوشك الأمم أن تداعى عليكم كما تداعى الأكلة إلى قصعتها"، فقال قائل: "ومِن قلة نحن يومئذ؟" قال: "بل أنتم يومئذ كثير، ولكنكم غثاء كغثاء السيل، ولينزعن الله من صدور عدوكم المهابة منكم، وليقذفن في قلوبكم الوهن"، فقال قائل: "يا رسول الله وما الوهن؟" قال: "حب الدنيا، وكراهية الموت". بەڵێ لەو زەمەنەدا وەکو ئەمڕۆ موسوڵمانان هاوشێوەی کەفی دەریابوون، وە دنیایان خۆش دەویست و لەمردن دەترسان(١)!

## هێرشی مەغۆل و ڕووداوەکان لە ساڵی ٦١٩/٦١٧ک.

لەدوای ڕووخانی سەمەرقەند مەغۆل هیچ بەربەستێک لەپێشیان نەمایەوە جگە گرتنی پایتەخت، کە شاری (خوارزم)ە، بۆیە جەنگیز خان و کوڕەکانی لەسێ قۆڵەوە دابەش دەبن بەناوچەرگەی ئەو دەوڵەتەدا و شار بەشار دەیخەنە ژێر ڕکێفیان، بەزەبری هێز یاخود فێڵ و تەڵەکە، یان بە بەدەستەوەدانی لەلایەن خەڵکەکەیەوە، لەلایەکی دیکەوە علاء الدين ڕادەکات لەچنگی ٢٥هەزار سەربازی مەغۆلی لەقولای دەوڵەتەکەیدا و ئۆقرە ناگرێت لەهیچ جێگایەک تا ئەوکاتەی قەدەر دەیباتە دوورگەیەک لە هەرێمی مازندەران و لەوێداو لەساڵی ١٢٢٠/٦١٧ لەوێدا گیان لەدەستدەدات.

لەلای ڕۆژئاوا مەغۆل هەرێمی مازندران دەگرێت، وە ئەوەی پێدەکات کە ناوچەکانی دی کرا لە دەوڵەتی خوارزمی و لەوێوە دەڕۆن بەرەو شاری ڕەی و بەبێ بەرپەچێکی ئەوتۆ دەست دەگرن بەسەریدا، پاش ئەوە پەلدەکێشن بەرەو هەمەدان، لەوێدا سەرکردەی شارەکە دیاریان پێشکەش دەکات و

(١) (المغول بين الانتشار والانكسار/ المغول من جنكيز خان الى قيام دولة تيمور لنك).

پەیماننامەیان لەگەڵدا دەبەستێت، وە شارەکەیان دەدات بەدەستەوە لەبەرامبەر ئەمان، پاش ئەوە بەردەوام دەبن لە پێشڕەوی و داگیرکاری بەرەو ناوچەکانی سنجان و قەزوین و سنجار و قەوس.

پاش ئەوە لە هەرێمی ئازەربایجان خۆیان باڵا دەست دەکەن وە شمشێر دەخەنە سەر ملی هەر کەسێک کە فەرمانیان ڕەتبکاتەوە، تا دەگەنە شاری تەبرێز و لەوێ سەرکردەی شارەکە (ئۆزباکی کوڕی پاڵەوان) ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەکات و دیاریان پێدەدات لەبەرامبەر ئەمانی خەڵکەکەی، لەم کاتەدا واتە زستانی ساڵی ٦١٧ک هەندێک لەسەرکردەکانی جۆرجیا بەهاوپەیمانی لەگەڵ سەرکردە ئەیوبییەکانی شام خۆیان ئامادە دەکەن بۆ لێدانی مەغۆل، بەڵام بەهۆی بەهێزی سیخوڕی مەغۆلەکان ئەم کارە ئاشکرا دەکرێت، بۆیە دەکەونە ڕێ بەرەو جۆرجیا و داگیری دەکەن، وە کوشتوبڕی لەناوچەکەدا بڵاودەکەنەوە، پاشان دەگەڕێنەوە ئازەربایجان و بەدیاریکراویش شاری مەراغا، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی شارەکە بڕیاری بەرگری دەدەن، وە شێرانە دەجەنگن بەڵام لە سەرەتای ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز) داگیردەکرێت وە ڕووباری خوێنی تیادا هەڵدەستێت. وە لەوێوە بەڕێ دەکەون تا دەگەنە کوردستان دەیانەوێت شاری ئەربیل بگرن، بەڵام لەلایەن چەند شانشینێکی جیاجیای ناوچەکە و لەناویشیاندا بدر الدین لۆلۆ، پادشای موصڵ سوپایەک پێکدەهێنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، بۆیە مەغۆلەکان دەکشێنەوە تا لەناو قوڵایی بەرگری ناوچەکەدا نەچەقن و زیاد لەپێویست پەلنەکێشن، بەڵام لەگەڵ کشانەوەی مەغۆل سوپای شانشینەکان دەکشێتەوە، هەروەک ئەوەی مەترسی لەسەر ئەوان کۆتای پێهاتبێت!

لەهەمان کاتدا لەلایەکی دی دوای مردنی علاء الدین، جلال الدین ی کوڕی بەپێچەوانەی باوکی، هەڵدەستێت بەپێکهێنانی سوپایەک لەو ناوچانەی

کە تا ئەوکات لەژێر دەسەلآتیاندا مابوو، وە سود لەپەرتەوازەبوونی مەغۆل وەردەگرێت لەناوچەگەلێکی فراواندا.

لەبەشی ڕۆژهەلآت جەنگیز خان بەرەو شاری خەواریزم دەکەوێتەڕێ بەبەشێک لەسوپاکەی وە لەهەمان ساڵدا شاری خوارزم دەگرێت، وە لە قەلآیەکی نزیک شارەکەدا تەواوی خانەوادەی سوڵتان بەدیل دەگیرێن لەناویشیاندا دایکی سوڵتان (تورکان خاتون) کە یەکێکبوو لەهۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتەکە، وە بەشەکەی دیکە دەنێرێت بەرەو ڕۆهەلآتی دەوڵەتی خوارزمی، وە لەوێ هەموو شارەکان بەڵخ، وە لەوێ بەهۆی نەبوونی قەلآبەندی پێویست لەشارەکەی بەبێ بەرەنگاربوونەوە خەڵکەکەی خۆیان دەدەن بەدەستەوە و دەچنە ژێر دەسەلآتی تۆلۆی، وە لەوێوە تۆلۆی سوپایەک دەنێرێت بەرەو شاری نساء وە دەستدەگرێت بەسەریدا و قەسابخانەیەکی گەورە بۆ خەڵکەکەی سازدەکات هاوشێوەی شارە داگیرکراوەکانی دیکە، پاشان هەمان سوپا دەکشێت بەرەو شاری نیسابوور، بەلآم لەکاتی گەمارۆی شارەکەدا سەرکردەی سوپاکەی دەکوژرێت، ئەمەش وا دەکات بۆخۆی بەهەموو سوپاکەیەوە گەمارۆی بدات، وە پاش شەش مانگ لەگەمارۆدا شارەکە دەگرێت و شمشێرەکەی دادەبەزێنێت بەسەر خەڵکەکەیدا و ژن و پیاو پیر و گەنج و منالّ بێ جیاوازی دەکوژێت. پاش ئەوە دەکشێت بەرەو شاری هەرات، وە بەبێ جەنگ دەستی دەگرێت بەسەریدا (لەوکاتەدا ئۆرتۆغرل و هۆزی کای لەم شارە دەبن، وە بەهاتنی مەغۆل بەجێیدەهێڵن و خۆیان دەگەیەننە ئەنادۆڵ و لەوێوە تۆوی دەوڵەتی عوسمانی دەچێنن لەسەر لاشەی مردووی سەلجوقییەکان)، پاش ئەوە بەڕێ دەکەوێت بۆ شاری مروا، وە لەوێدا دووبارە قەسابخانەیەک سازدەکات بۆ خەڵکەکەی و سەری هەموان دەپەڕێنێت بێ جیاوازی، جگە ئەوانەی کە خاوەن پیشەن و سودیان دەبێت بۆ ئیمپراتۆریەکەیان.

لەماوەی تەنها ٥ساڵدا واتە ٦١٦ – ٦٢١ک سوپای مەغۆلی دەتوانێت تەواوی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەواریزمییەکان داگیر بکات جگە بەشێک لە کوردستان و ئازەربایجان کە جلال الدین تێدا دەسەڵاتداربوو بۆماوەیەک[١].

## هێرشی مەغۆل و ڕووداوەکانی لەنێوان ساڵانی (٦١٩ک/٦٣١ک)

لەدوای کۆنترۆڵکردنی زۆرینەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خوارزمییەکان لەلایەن جەنگیز خان، وە مردنی علاء الدین محمد خوارزم شاە سوڵتانی خەوارزمییەکان، تاڕادەیەک مەغۆلەکان پەرتەوازەبوو بوون لەناوچەکاندا، بەهۆی داگیرکردنی ناوچەگەلێکی زۆر فراوان، وە پێویستی بەڕێکخستنێکی خێرادەکرد، لەم کاتەدا جارێکی دیکە هیوا گەڕایەوە بۆ خوارزمییەکان بەوەی کە سوڵتانی نوێ جلال الدین منکبرتی بەپێچەوانەی باوکی دەستی لەڕاکردن و فیرار هەڵگرت و بڕیاریدا ڕوبەڕووی سوپای جەنگیز خان ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی تێکەڵاوی پێکهێنا لەتورک و فارسەکانی ناوچەکە.

جەنگی پەروان: پاش ئەوەی هەندێک لە یەکینە پەرتەوازەکانی ناوچەکەی تێکشکاند سوڵتان جلال الدین خۆی گەیاندە ناوچەیەک بەناوی پەروان، کە دەکەوێتە نزیک شاری غزنە لەڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان، لەوێدا ڕوبەڕووی سوپای جەنگیز خان دەبێتەوە، وە دەتوانێت زۆر بەسادەیی ئەو سوپا مەغۆلییە بشکێنێت، وە ڕاویانبنێت بەرەو ناوچەکانی سەروو ڕووباری جیحۆن، پاشان شاری پەروان دەگرێت دوای ئەوەی بەسەر سوپایەکی دیکەی مەغۆلیدا سەردەکەوێت بەسەرکردایەتی نۆیان، دوا بەدوای ئەم سەرکەوتنانە زۆرێک لەناوچە داگیرکراوەکان شۆڕش بەرپادەکەن دژی مەغۆل، بەو هیوایەی بتوانن

(١) سەرچاوە (تاريخ المغول بين الانتشار والانكسار - تاريخ المغول من بدايه الى عين جالوت).

یارمەتی سوڵتان بدەن لەجەنگەکەیدا، ئەمەش جەنگیز خان وا لێدەکات سوپایەک کۆبکاتەوە لەژێر فەرمانی خۆیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جلال الدین و ئەو شارانەی کە شۆڕشیان تیادا هەڵگیرساوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دوای ئەوەی سەرکەوت لە جەنگی پەرواندا، سوپاکەی جلال الدین پەرتەوازە دەبێت بەهۆی ناکۆکی هۆزە جیاجیاکان لەسەر غەنیمەتی جەنگ. وە هۆزەکان لەناو خۆیاندا جەنگێکی گەورە هەڵدەگیرسێنن و هەر هۆزە و سەرکردەی هۆزێکی دی دەکوژێت! ئەمەش وا دەکات کاری جەنگیز ئاسانتر بێت بۆ شکاندنی سوپای خوارزمی، وە بەخێرایی شار بەشار گەمارۆ دەدات و دووبارە قەسابخانەیان تێدا دادەنێتەوە، بەجۆرێک هەندێک شار بۆماوەی ١٥ساڵ دوای ئەو کارەساتە ژیانی تێدا نەبوو وەک شاری نەیسابوور کە تەنها چەند کەسێک تێیدا لەژیاندا مانەوە کە لەژێر دار و پەردووی شاردا خۆیان حەشاردابوو! وە بەم جۆرە جلال الدین ناوچەکانی ئەفغان جێدەهێڵێت و دەڕوات بەرەو هند، پاشان دەگەڕێتەوە بەرەو ناوچەکانی نزیک ئازەربایجان و کرمان وە لەوێ خۆی کۆدەکاتەوە.

بەهۆی مردنی جەنگیز خان لەساڵی ٦٢١ک/١٢٢٤ز، بۆماوەی ٢ساڵ مەغۆل دەست لەداگیرکاری هەڵدەگرن تا ئەوکاتەی ئۆگادای بەخانی گەورە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لەجێی قۆستنەوەی ئەم هەلە لەلایەن جلال الدینەوە، هەڵدەستێت بەجەنگ ڕاگەیاندن دژی سەلجوقییەکان لە ئەنادۆڵ و هێرش دەکات سەر ناوچەی ئەخلات و دەیگرێت، بەڵام هێندە نابات مەغۆل جارێکی دی دەستدەکەنەوە بەجەنگ و داگیرکاری، بەمجۆرە جلال الدین هیچ لایەنێکی لەپشت نامێنێت تا پەنای بۆببات، بۆیە بەتەنها خۆی و ئەسپەکەی ڕوودەکەنە کوردستان و لەوێ بەدەستی چەند جوتیارێکی کورد دەکوژرێت کە پێشتر کەسوکاریان بەدەستی ئەو کوژرابوون، بەمەش کۆتایی بەناوی دەوڵەتی خوارزمی دێت لەساڵی ٦٢٨/١٢٣١.

هەموو ئەم ڕووداوانە ڕوویدا لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا، بەڵام جیهانی ئیسلامی لەخەوی غەفلەت خەبەریان نەبۆوە و پێیان وابوو کە جەنگی نێوان دوو دەوڵەتە نەزیاتر، وە دوژمنێک دوژمنێکی دی لەناو دەبات، لەبەغداد خەلیفە هیچ جوڵەیەکی نەکرد لەکاتێکدا مەغۆل لەنزیک سنورەکانی دەجەنگان لەگەڵ موسوڵمانانەدا، لە ئەنادۆڵ و شام سەلجوقییەکان و ئەیوبییەکان لەجەنگدابوون دژی یەکتر و هەردووکیشیان دژی خەوارزمییەکان، لە میصر ممالکەکان لەناو یەکتردا کوشتاریان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات!

بۆیە پێویستە لەداهاتوودا باجی ئەو بێ ئاگاییەیان بدەن، چونکە گەر ئەمڕۆ نەچیت بەفریای براکەتەوە کە لەناو ئازاردایە سبەینێ ئەو ئازارە دەگاتە تۆ و کەسیش نییە بێت بەفریات، هەر بۆیەش لەماوەیەکی کەمدا زۆرینەی جهانی ئیسلامی کۆنترۆڵ دەکرێت لەلایەن مەغۆلەکانەوە[١].

(چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە).

## هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی خەوارزمی.

هیچ دەوڵەتێک لەجیهاندا ناپووکێتەوە و ناڕوخێت بەبێ هۆ و لەخۆوە، هەروەک چۆن بۆ هەموو ڕووداوێک هۆکارێک هەیە، بەو جۆرەش دەوڵەتێکی وا بەهێز لەوپەڕی توانایدا دەپوکێتەوە و لەناو دەچێت، وە دەبێتە ئاساوارێکی مێژوویی بێ ڕوح. وە گەر بڕوانین لەمێژووی ڕوخانی دەوڵەتەکان، دەبینین هیچ کات تەنیا بەهۆی هەڵەیەکەوە ناڕوخێن، بەڵکو چەند هەڵەیەکی گەورە لە سەریەکتر کەڵەکە دەبن، تیایاندایە هێواش کاردەکات و تیاشیاندایە کاریگەری خێرا و ڕاستەوخۆی دەبێت.

(١) سەرچاوە (المغول بين الانتشار والانكسار/ المغول من البدايه الى عين جالوت/ تاريخ المغول من جنگيز خان الى قيام دوله تيمور لنگ).

لەڕاستیدا ئەو هۆکارەی سەرەکیترینە سەبارەت بەکۆمەڵگای ئیسلامی بریتییە لە جێبەجێنەکردنی شەرعی خوا: لەدەوڵەتی خەوارزمیدا وەکو زۆرێک لەدەوڵەتەکانی دیکەی ئەوکاتە لەسیاسەت و دادگەریدا حوکمی شەرع تەنها بەسەر هەژاراندا جێبەجێ دەکرا، وە دورخرابۆوە لە سیاسی و پارەدارەکان، بەمەش گەندەڵی پەرەی سەندبوو لەناو وڵاتدا و ئەمانەت نەدەگێڕدرایەوە بۆ خەڵکەکەی، وە وەک و زانیمان ئەوەی بەڵای مەغۆلی هێنایە سەر وڵاتانی موسوڵمان، ئەو هەڵە شەرعییەبوو کە سوڵتان علاء الدین کردی بەکوشتنی بازرگانەکان کە خۆی ئەمانی پێدابوون، پێغەمبەری خواش لەم بارەوە دەفەرموێت: (من اذی ذمیا فقد اذانی) هەرکەسێک ڕێپێدراوێک ئازاربدات، ئەوا ئازاری پێغەمبەری داوە. ئەمەش دووری دەسەڵاتدارانمان لەدینەوە بۆ ڕووندەکاتەوە لەوکاتەدا.

### هۆکارەکان:

١. شکستی خەوارزمیەکان لەدۆزینەوەی تەوژمی شارستانی.

ویستی خەورزمییەکان وەکو دەردەکەوێت لە فتوحاتەکانیاندا، تەنها فراوانخوازی و داگیرکاری و دروستکردنی ئیمپڕاتۆری بووە نەوەک بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام و ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتە ژێر دەسەڵاتیان لە نەزانی و کفر، بەڵکو بۆ باڵادەستبوونی سیاسی بوو نەزیاتر. وە نەیانتوانی گەلانی وڵاتانی فەتحکراو بهێننەپاڵ خۆیان لەڕێی برایەتی ئیسلامییەوە، بەڵکو لەوە زیاتر لەنێوان خۆیان و جیهانی ئیسلامیدا دیوارێکی بەرزیان هەڵچنی بوو، وە خۆیان لەجیهانی ئیسلامی جیاکردبۆوە، تەنانەت لەخەلیفەی عەباسی هەڵگەڕانەوە، کە تەنها وەک دروشمێکی ئیسلامی مابۆوە!

٢. ڕقی خەڵک و پشتگیری نەکردنی دەسەڵات.

دەوڵەت و سوپا و پادشایانی خوارزمی هیچ خۆشەویستییەکیان نەبوو لەدڵی گەلدا، بەهۆی ئەو ستەمە زۆرەی کەلێیان کرابوو بەدەستی ئەو دەسەڵاتدارانە، نە لەئێران و نە لە ناوچەکانی (ماوراء النهر) هیچ لایەنێک خۆشی نەدەویستن، بەتایبەتیش خەڵکی سەمەرقەند کە تەنها لەیەک ڕۆژدا ٢٠٠هەزار کەسیان لێکوژرا لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتە و لاشەکانیان فڕێدرایە ئاوی جیحۆنەوە!

تەنانەت زانایانیش لەدەست ستەمی ئەو دەسەڵاتە سەلامەت نەبوون، وە بەبێ تاوان کوژران، وەک (برهان الدین) صدر جهان (ابو سعید مجدالدین البغدادی) جلال الدین (ئیمامی سەمەرقەند) و کوڕەکەی (شهاب الدین) هتد...

٣. ناکۆکی ناو دەسەڵات.

خوای گەورە دەفەرموویێت (وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ)، واتە لەناویەکدا ناکۆک مەبن و کێشمەکێش مەکەن چونکە شکست دەهێنن، وە بۆنیشتان نامێنێت و بەبا دەچن. هەروەها پێغەمبەری خوا دەفەرموویێت: "هۆکاری لەناوچوونی گەلانی پێش ئێوە دووبەرەکیان بوو لەناو یەکدا". وە بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دین لەناو خودی ئەودەسەڵاتە، وە حەزکردنی تاکەکانی بەدونیاو، ئەنانیەت لەناویاندا، شکستی دەوڵەتی سەپاند وەک ڕاستییەکی ڕۆشن، وە لەگرنگترین ئەو دووبەرکیانەی ناو خوارزمییەکان، کێشەی نێوان تورکان خاتون و علاء الدین بوو، وە دەسەڵاتی ئەو ژنە وای کردبوو کە سیستمی سیاسی وڵات تێکبچێت، بەدامەزراندنی پلەدارەکان لەسەر بنەمای دڵسۆزیان بۆ خاتوون، نەک لێزانی و کارامابیان لە کارەکان یاندا! هەروەها دەسەڵاتی تەواوی گرتبوو بەسەر خودی سوڵتانیشدا، بەجۆرێک نەیدەتوانی فەرمانێک بدات بەبێ ویستی ئەو، وە هەندێک جار ڕێدەکەوت سوڵتان فەرمانێکی دەدا و تورکان خاتون فەرمانێکی پێچەوانە، وە

لەئاكامدا دەبوو فەرمانی خاتون جێبەجێ بكرێت. وە هەروەها ئەو ڕقەی كە لەدڵیدابوو دژی جلال الدين وایكرد دیل بوون هەڵبژێرێت لەژێر دەستی جەنگیز خان وەک لەژیان لەژێر سێبەری جلال الدين!

وە هەروەک رسولی ئەكرەم دەفەرموێت: "لایفلح قوم تولی امرهم امرئة".

٤. لاوازی سیستمی سەربازی.

سوپای خەوارزمییەكان لەكۆمەڵێک مورتەزەقە دەچوون كە لەپێناو ماڵ و پارەدا دەجەنگان، نەک لەپێناو بیروباوەڕ و مبادء، بۆیە بەزوویی شكستیان دەخوارد لەكاتێكدا كە ڕوبەڕووی سوپایەكی بەهێزی وەک مەغۆل دەبوونەوە، هەروەها گوێڕایەڵی فەرمانەكان نەدەبوون وەک پێویست چونكە لەڕاستیدا ئەوان تورک بوون، وە تەنها گوێیان لە سەركردە توركەكان دەگرت، خودی سوڵتان لای ئەوان گرنگ نەبوو. وە لەڕووی پلانەوە لەوپەڕی لاوازیدابوون، چونكە سوپاكەیان دابەشكرد بەسەر شارەكاندا لەجێی ئەوەی بەسوپایەكی بەهێز ڕوبەڕووی هێرشی مەغۆل ببنەوە، ئەمەش كاری مەغۆلەكانی ئاسانكرد، بۆ گرتنی شارەكان یەک لەدوای یەک.

٥. خۆشەویستی دونیاو ڕاكردن لەمردن.

بەدڵنیاییەوە هەركاتێک ئیمان پاڵنەری مرۆڤ نەبوو لەجەنگدا، ئەوا ئامادە نییە گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، بۆیە بەئاسانی دەشكێت، هەروەک خودی سوڵتان علاء الدين چۆن لەترسی گیانی خۆی، شار بەشار ڕادەكات لەسوپای مەغۆل، لەپێناو ژیانی چەند ساڵێكی كەم!

ابو حسنی نەدەوی دەڵێت: "هەندێک جار یەک سەربازی مەغۆل دەچووە ناو گەڕەكێكەوە سەد دانە پیاوی تیادا دەكوشت بەتەنها"!

بەم جۆرە بێ ئومێدی و ترس لەناو خەڵکدا دروستبوو بوو بەهۆی دووریان لەخوا، هەتا لەناو خۆیاندا دەیانگوت (ئەگەر وترا تاتار شکاون، ئەوا باوەڕ مەکە)!

ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکەی وەک (خودی کەسایەتی جلال الدین کە لەجێی ئەوەی هاوپەیمانی بکات لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکانی دەورووبەر دژی مەغۆل، جەنگی ڕاگەیاند دژیان هەروەها بێدەنگی جیهانی ئیسلامی لەو کارەساتە گەورەیە، بەهەمان شێوە پرۆژەی مەغۆلەکان کە لەسەر تێکدان و خوێنڕێژی و تالانی دامەزرابوو)[1].

## ئۆگادای خان و داگیرکاری مەغۆل

سەرەتا پێویستە بزانین کە جەنگیز خان پێش مردنی ئیمپڕاتۆریەکەی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش دەکات، وەک کلتورێکی مەغۆلی کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەسەر نەوەکانیاندا دابەش دەکرد، بەمەش جەنگیز خان ئیمپڕاتۆریەکەی بۆ چوار بەش دابەشکرد.

جوجی کوڕە گەورەی خان: ناوچەکانی کە دەکەوێتە نێوان باشوری کەنارەکانی دەریای قەزوین و ڕووباری ئارتش کە زۆربەیان تورکمان بوون، بەردەکەوێت، وە ناوی هۆزەکەشی (هۆزی ئاڵتونی) چونکە خێمەکانیان بەڕەنگی ئاڵتونی سوخ درابوو، وە دوای مردنی جوجی، باتۆی کوڕی دەیگرێتە دەست و (بەرکە خانیش لەدوایدا دەبێتە خانی ئەم هۆزە و موسوڵمان دەبێت، کە دوای باسی دەکەین).

(١) سەرچاوە (المغول من البداية الى عين جالوت/ المغول بين الانتشار والانكسار/ تاريخ المغول من جنكيز خان الى دولة تيمور لنك).

جۆگۆتای: ناوچەی ئۆیگۆر و ماوراء النهر و کاشغر و بەلخی بەردەکەوێت.

ئۆگادای: جێنشینی (واتە دەبێتە خانی گەورە، وە ئەم خانێتیەش هاوشێوەی خەلافەتە لەئیسلامدا، وە تەواوی براکانی دیکە سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەی ناوچەکانی خۆیانن، بەلاَم دەبێت لەکۆتایدا شوێنکەوتەی خانی گەورەبن) و ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژئاوای مەنغۆلیا، کە بەشێک لەڕۆژئاوای ڕوسیا و باکور و ڕۆژئاوای چین دەکات.

تۆلۆی: مەنغۆلیا (هەموو ئەو ناوچانەی کە ئیستا بە مەنغۆلیا ناسراوە کە دەکەوێتە باکوری چین و باشووری خۆرئاوی ڕوسیا).

پاش مردنی جەنگیز خان بۆماوەی دووساڵ لەسەر دابونەریتی مەغۆلی تۆلۆی کوڕە بچووکی خان حوکم دەکات، پاشان (کرۆلیتار) کە کۆبونەوەی گەورەکانی مەغۆلە کۆدەبنەوە بۆ دیاریکردنی خان، وە لەسەر وەسێتی جەنگیز خان ئۆگادای وەک خان هەڵدەبژێردرێت، سەرەڕای ئەوەی ڕەتیدەکاتەوە لەسەرەتادا، بەلاَم لەبەر ڕای زۆرینە بڕیارەکە پەسەند دەکات و دەبێتە خانی گەورە، وە لەگەڵ دانیشتنی لەسەر کورسی دەسەلاَت، بەخێرایی فەرمان بە دامەزراندنی سوپا دەکات بۆ تەواوکردنی ئەو داگیرکاریەی کە جەنگیز خان دەستیپێکرد بەرەو خۆرئاوا و ناوچە ئیسلامییەکان لەلایەک، وە ناوچەکانی باشور کە خانەوادەی (کین) تێیدا هەڵگەڕابونەوە لەلایەکی دی.

سەرەتا ناردنی سوپایەکی ١٥٠٠٠کەسی بەسەرکردایەتی (جۆز ماغۆن نۆیان) بەئاڕاستەی پاشماوەی دەوڵەتی خەوارزمی و جلال الدین، لەساڵی ٦٢٨ک/١٢٣١ز دا، وە داگیرکردنی ناوچەکانیان لە ٦٣١ک، وە هاوسنور بوونیان لەگەڵ دەوڵەتی سەلجوقی، بەلاَم بەهۆی ئەوەی علاء الدین کایکۆباد بەخێرای نامە ئاڕاستەی ئۆگادای دەکات و خۆی دەکاتە شوێنکەوتووی، دەست

لەناوچە سەلجوقییەکان هەڵدەگرن، وە لێرەدا مەغۆل سوپاکەیان دابەشدەکەن بۆسی بەش.

سوپای یەکەم: بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، وە دەتوانن شاری دیاربەکر و ئەرزڕۆم و میافارقین و ماردین و نصیبین و شەنگال داگیربکەن بەماوەیەکی کورت، وە لەوێدا دەستدەکەن بەتاڵانی و کوشتن، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بوێرێت ڕێیان پێبگرێت، وەک ابن اثیر دەگێڕێتەوە (لەوانەیە ئەوەی لەوێدا ڕوویدا مرۆڤ باوەڕی پێنەکات و بە زیادەڕۆی بزانێت، ئەگەر ئەم هەواڵانە لە مێژوونوسانێکی ڕاستگۆوە نەگێڕدرابایەوە، وە هەندێک جار یەک سەربازی مەغۆلی دەچووە ناو لادێیەکەوە و بەتەنها هەموو خەڵکەکەی دەکوشت! پاشان تالانی دەکرد!)

سوپای دووەم: بەڕێدەکەوێت بەرەو ناوچەکانی بەدلیس و پاش داگیرکردنی دەستدەگرێت بەسەر چەند ناوچە و قولە و قەڵایەک لەچواردەوری شاری ئەخلات.

سوپای سێهەم: بەڕێ دەکەوێت بەرەو ئازربایجان و ئەرمینیا، وە دەتوانێت بێ جەنگ شاری تەبرێز داگیربکات، پاش ئەوەی خەڵکەکەی خۆیان دەدەن بەدەستەوە و لەساڵی ٦٢٩ک/١٢٣٢ز، ئامادەن باج و خەراج بدەنە مەغۆل و گوێڕایەڵی خان بکەن!

پاش ئەوەی ئەو ناوچانەی پێشو کۆنترۆڵ دەکەن لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، سوپاکان دەکشێن بەرەو عێراق، وە لەساڵی ٦٣٣ک/١٢٣٦ز، هەموو ناوچەکانی باشوری کوردستان کۆنترۆڵ دەکەن بە ئەربیلیشەوە، جگە قەڵای ئەربیل کە خەڵکەکەی تێیدا کۆبوبوونەوە، دوای ٤٠ڕۆژ گەمارۆدرانیان، دانوسان دەکەن لەگەڵ مەغۆل بەوەی کە سەرانەبدەن و هیچ زیانێکیان بۆ مەغۆل نەبێت و لەبەرامبەردا ئەمانی ژیانیان پێبدرێت! (بۆ زانیاری سەرکردەی

سوپا هۆلاکۆ نەبووە، بەڵکو نۆیان بووە، چونکە ئەوکات هۆلاکۆ هێشتا لەقرقۆرمە و وەک سەرکردەیەکی سەربازی نەناسراوە)، بەڵام هێندە نابات ئەم سوپایە، لە ناوچەی تکریتدا دەشکێت لەسەر دەستی سوپای خەلیفەی عەباسی لەساڵی ٦٣٤ک/١٢٣٧ز، وە هەر لەوێدا ١٥هەزار دیلی موسوڵمان ئازاد دەکرێن کە لە ئەربیل و چواردەووری گیرابوون، بەڵام هێندە نابات سوپای مەغۆل جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە و لەساڵی ٦٣٥ک سوپای خەلیفە دەشکێنێت لەناوچەی خانەقین، بەڵام ئەم هێرشەی مەغۆل بەرگری دەبێت نەک هێرشکردن، چونکە پاش سەرکەوتنیان ناکشێن بەرەو بەغداد.

لەهەمان کاتدا و لەوپەڕی ڕۆژهەڵات و لە چین، لەساڵی ٦٣١ک سوپای مەغۆلی بەسەرکردایەتی ئۆگادای خان و تۆلۆی برای، کۆتایی بە هەڵگەڕانەوەی خێزانی (کین) دەهێنن، وە چین بۆ جاری دووهەم کۆنترۆڵ دەکەن.

مەغۆل لەئەوروپا: پاش جێگیربوون لە ناوچەکانی باکوری عێراق و خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ سوپای مەغۆل بە ١٥٠هەزار سەربازەوە بەرێدەکەوێت بەرەو ئەوروپا، بەسەرکردایەتی (باتۆی کوڕی جوجی) و ئەفسەرایەتی (سۆبۆتای)، وە لەوێدا دروێنەی جیهانی ئەوروپی دەکەن و بەدەیان قەسابخانە لەرێگایاندا دروست دەکەن. سەرەتا بەرەو ڕوسیا دەڕۆن و لەسەر ڕێگەیان دورگەی (قرم) داگیر دەکەن، پاشان بەرەو بولگاریا دەکشێن وە پێش ئەوە، مۆسکۆ و کیف و فلادیمێر و سۆزدا دەسوتێنێت پاش لەناوبردنی دەسەڵاتدارانی ڕوس لەساڵی ٦٣٨ک/١٢٤٠ز، وە بۆ ماوەی دوو سەدە و نیو، ڕوسیا بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی مەغۆل دەمێنێتەوە.

پاش گرتنی ڕوسیا و بولگاریا، سوپای مەغۆل بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، یەکێکیان بەرەو مەجەڕ و دەتوانێت پایتەختەکەیان (پوست) داگیر بکات، وە هەروەکو مێژوونوسان دەڵێن دەربارەی قێزەونی ڕەفتاری مەغۆل:

لەداگیرکردنی مەجەڕدا سەربازانی مەغۆل ٢٧٠هەزار گوێچکەی مرۆڤیان کۆکردەوە بۆئەوەی بیبەنەوە قەرەقۆرم، وەک هێمای سەرکەوتن!

وە بەشی دووهەمی سوپاکە، ڕوودەکاتە پۆڵەندا و پاش سەرکەوتن بەسەر سوپای هاوپەیمانی پۆڵندییەکان کە ژمارەیان ٣٠٠هەزار سەربازبوو، دەتوانن تەواوی ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن و پاشان پەلدەکێشن بۆ ڤیەننا، بەڵام لەوکاتەدا هەواڵی مردنی ئۆگادای خان دەگاتە سوپا لەساڵی ٦٣٩ک ١٢٤٢ز، ئەمەش کۆتایی بەهێرشی مەغۆلی دەهێنێت لەئەوروپا، وە جارێکی دیکە دوبارە نابێتەوە!

چونکە پاش مردنی ئۆگادای دەسەڵاتی مەغۆلی بەهۆی هاوسەرەکەی خانەوە (تۆراکینا) کە ئافرەتێکی نەسڕانی دەبێت، سوپای مەغۆلی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی خاچ پەرستانەوە، وە جەنگیان دژی موسوڵمانان خزمەتی ئەجێنداکانی خاچ پەرستان دەکات، هەروەک لەزەمەنی هۆلاکۆدا پێی دەگەین ان شاء الله[١].

## عەرشی مەغۆل پاش ئۆگادای

لەدوای مردنی ئۆگادای خان لەساڵی ٦٣٩ک ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی بەبێ خان مایەوە، وە تەواوی دەسەڵاتەکان کەوتە ژێر دەسەڵاتی هاوسەری ئۆگادای (تۆراکینا خاتون)، بۆماوەی پێنج ساڵی تەواو عەرشی خان چۆڵبوو تا لەکۆتایدا کۆبوونەوە لەسەر دیاریکردنی (جیۆک) وەک خانی مەغۆل، لەساڵی ٦٤٤ک، وە تاکە کەس کە نارەزای دەربڕی دژی بڕیارەکە (باتۆ)ی کوڕی

(١) سەرچاوە (تاريخ المغول بين الانتشار والانكسار/ت ايخ المغول من جنگيز خان الى دوله تيمورلنگ).

جوجی بوو، وە دەتوانین بڵێین لەم مێژووەوە ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی پەرتەوازەیی و دابەشبوون ڕوویتێکرد بەشێوەیەکی دیار.

جیۆک خان: کەسێکی سەربازیی بوو، لەگەڵ بوونی حەزێکی زۆر بە فراوانکردنی دەسەلات، هاوشێوەی باپیری (جەنگیز خان). هەر لەسەرەتای دەسەلاتگرتنە دەستی، دەستیکرد بە ئامادەسازی بۆ هەڵمەتێکی سەربازی گەورە، ڕووە و باشوری چین و ڕۆژئاوای ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی (باتۆ)! بەلام بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی ڕێڕەوەکەی تەواوبکات و لەساڵی ٦٤٧ک کۆچی دوایی کرد، بەمەش دووبارە هێرشی فراوانخوازی مەغۆلی شکستی پێهات، وە بۆماوەیەکی کاتی جیهان هەناسەیەکی ژیانی جارێکی دی بۆگەڕایەوە، وە لەڕاستیدا دەتوانرا لەلایەن جیهانی ئیسلامییەوە ئەم هەلانە چەند جارێک بقۆزرێتەوە، بەلام بەداخەوە (لا حياة لمن تنادي) بەڕاستی ئەوانەی کە بانگدەکران مردبوون!

پاش مردنی جیۆک بەخێرایی و بەیارمەتی باتۆ خێزانی ئۆگادای لە خانێتی مەغۆل کرانە دەرەوە، وە ئەو پلەیە گوازرایەوە بۆ بنەماڵەی (تۆلۆ)ی کوڕی جەنگیز خان، کە خاوەنی چوار کوڕبوو کە لەپاشدا دەبنە چوار پایەکەی ئیمپڕاتۆریەتی دابەشکراوی مەغۆلی (مەنگۆ، هۆلاکۆ، کۆبۆلای، ئارگ بۆگا)، وە دوای بەربەرەکانێ و کێشمەکێشێکی زۆر مەنگۆی کوڕی تۆلۆی وەک خانی مەغۆل هەڵبژێردرا لەساڵی ٦٤٨ک، بەمەش سەردەمێکی نوێ لە وێرانکاری ڕووی کردە جیهانی ئیسلامی هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانێی لایەنە سیاسیەکانی ئەو کاتە و خیانەت گەلێکی زۆر و گەوجییەکی بێڕادەی زۆرێک لەسەرکردەکان. لەهەمان کاتدا پلانگێڕی هێزی خاچپەرستی ڕۆژئاوای بەسەرکردایەتی پاپا، بەبێ ماندوبوون لە هەوڵداندابوو بۆ یەککگرتنی مەغۆل و پڕۆژەی داگیرکاری خاچپەرستی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی دەیان داواکاری و بەخشین لەلایەن خانی مەغۆلی، بەلام لەکۆتایدا توانرا لانی کەم بەردەوامی بدەن بەهێرشی مەغۆلی

بەرەو ناوچەکانی عێراق و سوریا و فەلەستین و سەرقاڵکردنی موسوڵمانان پێیانەوە و وێرانکردنی شارستانیەتی ٧سەدەی ئەو کیانە ناوازەیە کە هەموو جیهان لێیانەوە فێردەبوو لە سنوری چین هەتا دەگاتە ئەندەلوس و زەریای ئەتڵەسی[١].

## هەوڵدانی خاچپەرستان بۆ هاوپەیمانێتی مەغۆل

پێویستە ڕاستییەکی تاڵ بزانین ئێمە وەکو موسوڵمانان، وە دانیپێدا بنێین و نەیشارینەوە کە لەسیاسەتدا زۆر لەدوای ڕۆژئاواوەین، بۆیەش دەڵێم ڕۆژئاوا چونکە تەنها مەبەستم لە موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتە، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم: خۆپارێزی گێلانە لەزۆر بابەت کە شەریعەت ڕێگەی پێداوە، بەڵام موسوڵمانی بێزانست ئاگاداری نییە.

دووەم: فێرنەبوونی وانەی سیاسی لەڕابردوو و ئەزمونی گەلانی دی و مانەوە لەئێستادا و چاونەبڕینە داهاتوو.

ئەم هۆکارانەش لەزەمەنی هێرشی مەغۆلیدا زۆر بەڕوونی لەسیاسەتمەدارانی ئیسلامیدا بوونی هەبوو، سەرەڕای چەندین کون و کەلەبەری دیکە کە هەموویان بوونە هۆی ڕووخانی چەندین دەوڵەتی ئیسلامی و مانەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای (گاور).

لەڕاستیدا پاش مردنی ئۆگادای و وەستانی هەڵمەتی مەغۆلی بۆسەر ڕۆژئاوا، وە لەکاتێکدا سیاسەتمەدارانی ئیسلامی خەریکی چاڵهەڵکەندنبوون بۆیەکتر و هاوپەیمانێتی مەغۆلیان دەکرد بۆ لەناوبردنی یەکتر، پیاوانی ئاینی گاوران و لەسەر و هەموشیانەوە (پاپا)، هەوڵی قۆستنەوەی هەمەجی مەغۆلی

---

(١) سەرچاوە (تاریخ المغول من جنکیز خان الی قیام الدوله التیموریه).

دەدا بۆ لەناوبردنی دووژمنی مێژووی کە موسوڵمانانن! چونکە لەڕاستیدا دەیزانی کە هەڵمەتی مەغۆلی پشت ئەستور نییە بەبیروباوەڕ، وە دەشێت لەهەر کاتێکدا و بۆ هەر جێگایەک ئاڕاستەبکرێت لەبەر نەبوونی هیچ پاڵنەرێک جگە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن و دزی و ڕەشەکوژی و ڕاووڕووت.

هەر لەبەر ئەمە لەساڵی ٦٤٣ک لە کۆنگرەیەکی گەورەدا و لەشاری لیۆنی فەرەنسی، بڕیاردرا کە دوو وەفدی تەبشیر (بانگەوازی مەسیحییە) ڕەوانەی مەغۆل کران، یەکەمیان بەسەرکردایەتی کەسێک بەناوی (پلان کارینی) کە ئامادەی هەڵبژاردنی جیۆک خان بوو لە قەراقۆرم، وە ئەوی دیکەیان پێکهاتبوو لە چوار قەشە کە نێردران بۆ ئێران، بەمەبەستی بانگێشت کردنیان بۆ ئاینی مەسیحی (گاوری) وە هەڵنانیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا دژی موسوڵمانان!

هەرچەندە مەغۆل لەسەرەتادا هیچ ئامادە نەبوون بۆ وەرگرتنی ئەو بانگەوازە بەڵکو بەپێچەوانەوە داوا لە پاپا کرا کە ببێتە ژێر ڕکێفی مەغۆل وەک سەرجەم سەرکردە ڕوحییەکانی دی لە چین و ئێران و خۆراسان، وڵاتنی دیکەی سەربە دەسەڵاتی مەغۆلی، بەڵام ئەمە کیانی مەسیحی بێهیوانەکرد لەهەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپەیمان. هەربۆیە لە ٦٤٦ک لویسی نۆیەم کە ئەوکات لەشاری عکە دادەنیشت، سێ نێردراوی خۆی نارده لای خانی مەغۆلی بەمەبەستی هاوپەیمانیکردنی یەکتر بۆ داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی و گێڕانەوەی (قودس) بۆ ژێر ڕکێفی خاچپەرستان. هەروەها لەساڵی ٦٥٠ک کەسێکی دی نارد وەک نوێنەری خۆی بەناوی (جیۆم دوو ڕۆبێرکی) کە پیاوێکی ئاینی فەرەنسی بوو تا نوێنەری بکات لەلای مەنگۆ خان، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێزێکی زۆری لێگیرا لەلایەن خانی مەغۆل، بەڵام وەڵامێکی پێویستی نەدایەوە سەبارەت بە پرۆژەی جەنگی دژی موسوڵمانان. هەروەها لەهەمان ساڵدا پادشای کیلیکیا هاتەلای باتۆ و لەوێوە خۆی گەیاندە قەرەقۆرم بۆ

وەبیرهێنانەوەی هاوپەیمانێتییەکەیان دژی موسوڵمانان، وە لەکۆتایدا توانرا مەنگۆ خان ڕازیبکرێت بەهاوپەیمانێتییەکە. بۆیە لەساڵی ٦٥٠ک دا مەنگۆ بڕیاری یارمەتیدانی گاورانیدا و، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی سوپای دایە دەستی برا بچووکەکەی (هۆلاکۆ) لەتەبرێز بۆ درێژەدان بە داگیرکاری و ڕووخاندنی هەریەک لە ئیسماعیلییەکان و خیلافەتی عەباسی وەک پلانێکی سەرەتایی!

وە لێرەوە گەشتی هۆلاکۆ دەستی پێکرد بۆ نوسینەوەی دێرێکی دیکەی مێژووی ڕەشەکوژی موسوڵمانان بەدەستی مەغۆل، لەناوبردنی بەشێکی گەورەی شارستانیەتی ئیسلامی ٧سەدەیی لەڕۆژهەڵتدا[١].

## هۆلاکۆ خان و خاچ.

هۆلاکۆ کوڕی تۆڵۆی و، برای مەنگۆ خان و کۆبۆلای و ئارگ بۆگا و، کوڕەزای جەنگیز خان لەساڵی ١٢١٧ز لەدایکبووە، پاش ئەوەی لەلایەن برا گەورەکەی (مەنگۆ خان) لەساڵی ٦٤٨ک/١٢٥٠ز ەوە دەنێردرێت بۆ خۆراسان، تا جێی (ئارگۆن) بگرێتەوە و دەستبکات بە ئامادەکاری بۆ هەڵمەتێکی نوێ بەرەو ڕۆژئاوا و باشوری ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی، لەپێناو داگیرکردنی بەغداد و ڕووخاندنی خیلافەتی ئیسلامی و سەرکوتکردنی ئیسماعیلییەکان، بە پاڵپشتی خاچپەرستان، وە لەگرنگترین هەڵنێرەکانی هۆلاکۆ بۆ ئەو کارە، نزیکترین کەسەکانی بوون! دایکی (سرکویێتی) و هاوسەرەکەی (دۆکۆز) کە هەردووکیان گاور بوون!

بۆیە نابێت پێمان سەیربێت کە مەغۆل لەگەڵ ئەوەی هیچ کات لەپێناوی بیروباوەڕدا نەجەنگاون، بێن بۆ لەناوبردنی بیروباوەڕێک و هەوڵی داگیرکردنی

---

(١) سەرچاوە (تاريخ المغول من جنكيز خان الى حمله التيموريه).

بەغداد و حیجاز و قودس بدەن! لەکاتێکدا ٦ساڵی ڕەبەق خەریکی ئامادەکاریبوو، هیچ ئەمیرێکی ئیسلامی هێرشێکی نەخستەسەر!

هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە خودی ئەو سوپایەی کە ئامادەیکردبوو بۆ داگیرکاری، پێکهاتبوو لە عەشایەرەکانی کارات و نایمان و ئۆیگۆر، کەزۆربەیان گاور بوون!

## لەناوبردنی ئیسماعیلی و حەشاشەکان

سەرەتای هەڵمەتەکەی هۆلاکۆ بەلەناوبردنی لوڕییەکان دەستی پێکرد، کە لەناوچەکانی باشوری ئێران نیشتەجێبوون، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری دەروونی لەسەر ئیسماعیلییەکان دروستکرد، وایکرد لێیان کە بەبێ بەرگریەکی ئەوتۆ و دوای ڕووخانی هێڵی بەرگری یەکەمیان، قەلای ئەلامۆت بدەن بەدەستەوە، بەمەش کۆتایی بەچیرۆکی ٣٠٠ساڵەی حەشاشەکان هێنا، کە ترس و بیمیان لەناو دڵی هەموو ناوچەکان نابوو لە میصر تا دەگاتە چین، هەمووان دانیان بەهێزی شاراوایان دەنان.

## داگیرکردنی بغداد ٦٥٦ک/١٢٥٨ز

پاش ئەوەی ئێران بەتەواوی چووە ژێر دەسەلاتی ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی، هۆلاکۆ بەڕێکەوت بەرەو ئامانجی داهاتوو و سەرەکی کە بریتیبوو لە داگیرکردنی بەغداد و ڕووخاندنی (خیلافەتی ئیسلامی). ئەوەبوو سەرەتا لەڕێی نێردراوەکانیەوە خەلیفەی ئاگادارکردەوە تا خۆی بدات بەدەستەوە، بەلام خەلیفە ئەم پێشنیارە ڕەتدەکاتەوە. بۆیە هۆلاکۆ بەسوپاکەی هەموو باکوری عێراق ڕادەماڵێت، تادەگاتە بەغداد و دەوری دەگرێت، وە پاش

ماوەیەک لە گەمارۆی سەربازی، خەلیفە خۆی دەدات بەدەستەوە و شاریش وێران دەکرێت، بەجۆرێک هەروەک ئەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان نەبووبێت!

## داگیرکردنی شام:

پاش عێراق، هۆلاکۆ سوپاکەی بەرەو میافارقین جوڵاند و توانی دەستی بەسەردابگرێت و، پاشان بەرەو ماردین یەکێک لە ستراتیژییە سەربازەکانی مەغۆل کە تائەمڕۆ جێبەجێ دەکرێت لەلایان سوپاکانەوە، (بۆ داگیرکردنی شارێکی گەورە ڕاستەوخۆ هێرش مەبە بەڵکو سەرەتا گوند و شارە بچووکەکانی چواردەوری بگرە تا جیاببێتەوە لە شارە گەورەکانی دیکە).

پاش جیاکردنەوەی حەلەب و داگیرکردنی، سوپاکەی بەرەو دیمەشق ئاڕاستە دەکات، پێش گەیشتنی سوپای هۆلاکۆ بە دیمەشق، ئەمیر ناسرِ یوسفی ئەیوبی ڕادەکات و شار بەجێدەهێڵێت بەبێ سەرکردە، ئەمەش وا لە خەڵک دەکات بەبێ بەرهەڵستی شارەکە بدەن بەدەستەوە.

بەڵام ئەم سەرکەوتنانەی هۆلاکۆ لە عین جالوتدا کۆتایی دێت و سوپای ئیسلامی بەسەرکردایەتی سیف الدین قطز سەردەکەوێت، وە سەرکردەی سوپای هۆلاکۆ (کاتبۆغا) دەکوژرێت، پاشان دیمەشق و حەلەب ئازاد دەکرێت، وە لێرەوە هاوپەیمانییەک لەنێوان برکە خان و زاهیر پێپەرسدا دروست دەبێت بۆ لەناوبردنی هۆلاکۆ، بۆیە بەناچاری بارودۆخی لەهێرشبردنەوە دەگۆڕێت بۆ بەرگری و لە عێراق و خۆراساندا جێگیر دەبێت.

## مردنی هۆلاکۆ:

لەساڵی ١٢٦٥ز دوای ئەوەی دکتۆرەکان لەچارەسەرکردنی گیان لەدەست دەدات لەتەمەنی ٤٨ساڵیدا، وە لە دوورگەی کابودیدا دەنێژرێت، لە دەریاچەی ئۆرمیا لە خۆراسان، وە لەدوای خۆی کوڕەکەی جێگای دەگرێتەوە (ئاباگا).

## کەوتنی بەغداد

پاش لەناوبردنی ئیسماعیلییەکان لە خۆراسان، هۆلاکۆ بەردەوامیدا بەپلانەکەی مەنکۆ خان لەگەڵ ئەوەی کۆچی دوایی کرد و جێگەی خانێتی چۆڵبوو بوو، وە هەریەک لە کۆبۆلای و ئارک بۆگای برای هۆلاکۆ لەجەنگدابوون دژی یەکتر لەسەر گرتنەدەستی دەسەلات، بەلام ئەمە ورەی و ویستی هۆلاکۆیان نەبەزاند، بەڵکو بەسوپایەکی گەورەوە و بەهاوەلایەتی سەرکردەی گەورەی مەغۆل (کاتبۆغا)، هەروەها زۆرێک لەسەرکردەکانی ناوچە داگیرکارەوەکان هاوشێوەی (بدر الدين لۆلۆ) کە پادشای موسڵ بوو!

هەروەها زۆرێک لە ڕۆشنبیر و ئەدیبەکانی هاوشێوەی (نصرالدين طوسی و عطاء الملکی جوەینی و هەمەدانی)، لەساڵی ١٢٥٧ز/٦٥٥ک دەگاتە کرمانشاو، لەوێوە نامە و نێردراو دەنێرێتە لای خەلیفەی عەباسی (المستعصم) بۆئەوەی خۆی بەدەستەوە بدات لەبەرامبەر ئەمان بۆخۆی و خانەوادەکەی! خەلیفەش بەشێوازێکی گرژ ڕووبەڕووی نێردراوەکان بۆوە، پاشان لەگەڵیاندا ابن جوزی نارد تا هۆلاکۆ ئاگادار بکاتەوە لەتوڕەیی خەلیفە و بیترسێنێت لەهێرشکردن بۆسەر بەغداد، وە فەرمانی پێبکات کە بگەڕێتەوە بۆ خۆراسان، هۆلاکۆش بەمە زۆر توڕە دەبێت و خۆی کۆدەکاتەوە بۆ هێرشکردن بۆسەر بەغداد.

لەڕاستیدا سەرەڕای هێزی مەغۆل و بەهێزی سەرکردایەتی هۆلاکۆ، لەناو خودی بەغداد و تەنانەت کۆشکی خەلیفەشدا دووبەرەکی و کێشە و فیتنەی یەکجار زۆر هەبوو. لەناو شاردا کێشەی نێوان سوننە و شیعە، شافعی و حەنەفی و حەنبەلی، وە لەناو کۆشکدا، کێشەی نێوان شیهاب الدین ابن العلقمی و مجاهد الدین کاتب الثانی.

هۆلاکۆ خۆی لە کرمانشاوە پێشڕەوی دەکات و بانگێشتی جۆرماگۆن و بایگۆن دەکات لە ڕۆژئاواوە تابێن بەرەو ناوچە کوردییەکان و سوپایەکی دیکەش لە لوڕستانەوە دەنێرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە کورد و عەشایەرە عەرەبەکانی ناوچەکە لەخۆی کۆدەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی لەو داگیرکارییە، وە بەدڵنیاییشەوە داستانی ئەربیل شتێکی ناڕاستە، گوایە توانیویانە هێزی هۆلاکۆ بشکێنن. مێژوو دەڵێت کە تەواوی ناوچەکە بێ جیاوازی، یان لەبەرەی هۆلاکۆ بووە، یان لەبەرەی خەلیفە، وە دەشزانین کە بدرالدین لۆلۆی خاوەنی موسڵ لەگەڵ هۆلاکۆ دابوو بەخۆی و هێز و سوپاکەیەوە.

بەم جۆرە هەر سوپایەو لەجێیەکەوە بەرەو بەغداد پێشڕەویان کرد، وە ڕوبەڕووی چەند پێکدادانێک بوونەوە لەگەڵ سوپای خلیفەدا، وە نزیکەی ١٢هەزار کوژراو لەسوپای خەلیفە کەوتەوە و بەهەزارانی دیکەش ڕایانکرد بەرەو ناوچەکانی بەصرە و کوفە!

بەمەش لە ١٨ی کانونی دووهەمی ١٢٥٨دا بەغداد بەتەواوی گەمارۆدرا. لەدوای چەند ڕۆژێک لە دانوسان و نەگەشتن بە ئەنجام، هۆلاکۆ مەنجەنیق لەسەر شەرەکە دادەبەستێت و بۆردومانی چڕی دەکات بۆ ماوەی ٢٥ڕۆژ بە بەردەوامی، پاشان بە فیتی ابن علقمی خەلیفەی خۆشباوەڕ دەفریوێنرێت و دەنێردرێتە لای هۆلاکۆ و ئەویش دەزگیری دەکات، وە تەواوی وەفدەکەی دەکوژرێت جگە ١٧کەس لەپاشادا ئەوانیش، بەپێی کار و وەلائیان بۆ هۆلاکۆ

دابەش دەکرێن، وە لەناویشیاندا ابن العلقمی کە سەرکردایەتی بەغدادی کاولکراوی پێدەدرێت!

پاشان سوپای مەغۆلی دەچێتە ناو شارەکەوە و دەست دەداتە کوشتنی خەڵک و دزینی کەلوپەل و زێڕ و تەلا و ڕووخاندنی مزگەوتەکان و تێکدانی کۆشکەکان، بۆماوەی چل ڕۆژ بەم جۆرە بەردەوام دەبن. وە مێژوونوسان دەگێڕنەوە کە ژمارەی کوژراوانی شاری بەغداد نازانرێت، بەڵام لەیەک ملیۆن زیاتربووە و هەندێکیش پێیان وایە نزیکەی دوو ملیۆن کووژراو بۆتەوە!

هەروەها بە ملیۆنەها کتێب لەکتێبخانە گەورەکانی بەغدادا دەرهێنران و فڕێدرانە ناو ئاوی دیجلەوە، هەروەک مێژوونوسان دەگێڕنەوە کە ئاوی دیجلە ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ مۆر، لەبەر زۆری کتێبەکان و بڵاوبونەوەی مورەکەبەکانیان تێیدا!

پاشان خەلیفە دەکوژرێت لەبارودۆخێکی نادیاردا و لەجێگەیەکی نادیاریش دەنێژرێت، وە سوپای هۆلاکۆ دوای چل ڕۆژ لەبەر زۆری بۆن و بەرام و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی جۆراوجۆر لەشارەکە دوور دەکەوێتەوە. خۆی و سوپاکەی بەڕێدەکەوێت بەرەو شام تا ئەوەی خەڵکی بەغداد نەیچەشتووە، بەوانی بچێژێت، لەژێر سێبەری دووبەرەکی و ڕوحی خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانی جیهانی ئیسلامی.

## کەوتنی حەلەب

دوای داگیرکردن و وێرانکردنی بەغداد، هۆلاکۆ بەغەنیمە و کەنیزەکەکانیەوە گەڕایەوە ماراگا و بەدرێژایی دانیشتنی لەوێ، ئەمیر و سەرکردەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهاتنە لای، وە پەیمان و بەڵێنی پاڵپشتیان بۆ دووبارە دەکردەوە، هەروەها جزییە و سەرانەکانی کە لەسەریان

داندرابوو، دەیانگەیاندە دەستی (ئەمین)! لەناو ئەو سەرکردانەدا (بەدر الدین لۆلۆ)ی پادشای موسڵ و یەکێک لە نۆکەرە هەرە دڵسۆزەکانی هۆلاکۆ، هەروەها (ئەتابەگ سەعد الدین)، وە سوڵتانی سەلجوقییە ڕۆمەکان (عیز الدین) و براکەی (ڕوکنە الدین).

## داستانی قەڵای هۆلاکۆ بەزێن!

لەو کاتەی هۆلاکۆ بەداگیرکردنی بەغدادەوە خەریکبوو، یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپاکەی بەناوی (ئارگ بۆگ نۆیان) نارد بۆ داگیرکردنی قەڵای ئەربیل، وە پاش ماوەیەک جەنگ و گەمارۆ لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا نۆیان بۆخۆی نەیتوانی قەڵاکە بگرێت، بەڵام پاش ئەوەی یارمەتی و هێزی پێگەشت لەلایەن بەدر الدین لۆلۆوە، توانی دەستبگرێت بەسەر قەڵاکەدا و پاشان بەڕێ بکەوێت بەرەو ناوچەی (جزیرە و شام)، وە ئەمە هەموو ئەو داستانە خەیاڵییەیە کە لەسەر هەولێر دانراوە، وەک لەکتێبی (جنگ شاە)دا هاتووە.

شام و جەزیرە لەو دەمەدا لەژێر دەسەڵاتی سەرکردە ئەیوبییەکان و نەوەکانی سەلاح الدینی ئەیوبیدابوو، وە لە ململانێیەکی بەردەوامدابوون لەگەڵ یەکتر و سەلجوقییە ڕۆمەکاندا، وە سەرکردەی حەلەب لەو کاتەدا سوڵتان ناصر ئەیوب بوو. ئەوە بوو لە ڕەمەزانی ٦٥٧ک دا دەستکرا بە هەڵمەتەکە بۆسەر شام، وە هەریەک لە ڕوها و میافارقین و ماردین و نصیبین و دیاربەکر داگیردەکرێن، وە پاش بڕینی ڕووباری فوڕات، سوپای مەغۆلی دەگاتە شاری حەلەب و گەمارۆی دەدات، سەرکردەی سوپای مەغۆلی هەریەک لە (ئارگ نۆیان و سنجاگ و کیتۆ بۆگا)بوون.

گەمارۆی شاری حەلەب ماوەی ٧ڕۆژی خایاند و پاش ئەوە خەڵکی شارەکە بۆخۆیان دەرگای شارەکەیان بۆ سوپای مەغۆل کردەوە، بەهیوای پێدانی ئەمان و ژیان!

بەڵام توران شاە، مامی ناصر ئەو خۆبەدەستەوەدانەی ڕەتکردەوە و، خۆی و زۆرێک لەموجاهیدانی شارەکە خۆیان خزاندە ناو قەڵای حەلەب و دەستیان کردە بەرەنگاری مەغۆل. بۆماوەی چل ڕۆژ توانیان بەرگری سوپای هۆلاکۆ بکەن، بەڵام لەکۆتایدا هێزی ژمارە بەسەر هێزی عەقڵ و عەزیمەتدا سەردەکەوێت و قەڵای حەلەب دەگیرێت لەلایەن سوپای مەغۆلییەوە و تەواوی ئەو خەڵکەی لەناویدا دەبێت بێ جیاوازی ڕوبەڕووی مەرگ دەکرێنەوە، جگە خودی توران شاە کە هۆلاکۆ نایەوێت بکوژرێت و دەیهێڵێتەوە، لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی. وە لەلایەکی دیکەوە فەرمان دەکات بەشکاندنی ئەو بەڵێنەی کە بەخەڵکی حەلەبی دا بۆ پاراستنی ژیانیان، بەکوشتنی تەواوی موسوڵمانان و هێشتنەوەی مەسیحییەکان!

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر هەڵگەڕانەوی ئاڕاستەی جەنگی مەغۆلی لەجەنگ لەپێناوی سامان و کوشتار و فراوانخوازی، بۆ جەنگێکی خاچپەرستی و بنەبڕکردنی موسوڵمانان[١].

## عین جالوت سەرەتای کۆتایی

لەدوای داگیرکردنی حەلەب، بەخێرایی خەڵکی دیمەشق دەستیان بەناردنی دیاری و سەرانە کرد بۆ هۆلاکۆ، تاوەکو خەڵکی حەلەب تەفر و تونا نەکرێن، بەم جۆرە بەبێ جەنگ شارەکە پێشکەشی مەغۆل کرا لە ساڵی ٦٥٧ک/١٢٥٩ز.

(١) سەرچاوە (تاريخ المغول من جنكيز خان الى دوله التيموريه).

وە لەهەمان کاتدا هەواڵی مردنی مەنگۆ خان گەیشتە هۆلاکۆ، وە دەستپێکی کێشەی نێوان دوو براکەی (ئارک بۆگا و کۆبۆلای) لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات و خانێتی مەغۆل. بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ڕێ لە هۆلاکۆ بگرن بۆ ناردنی نامەیەکی ترس ئامێز بۆ سەرکردەی مەمالیك لە میصر (سیف الدین قطز)، پاش خوێندنەوەی نامەکە، قطز هەستا بە کوشتنی نێردراوەکانی هۆلاکۆ و هەڵواسینیان لەناو شاری قاهیرەدا! بەمەش هۆلاکۆ زۆر تورە دەبێت و بەوپەڕی خێراییەوە سوپا ئامادە دەکات بۆ جەنگ لەدژی مەمالیك.

## سەرەتای ئامادەسازی بۆ جەنگ

پاش ئەوەی تەواوی ولاتانی ڕۆژئاوا کەوتنە ژێر ڕکێفی مەغۆل، لە میصردا دەوڵەتێکی بەهێز لەدەرکەوتنیدابوو کە باسکردنی خودی ئەو دەوڵەتە پێویستی بەتەرخانکردنی بابەتێکی تایبەتە و لێرە جێگەی نابێتەوە، کە چۆن دروست بوون و لەسەر دەستی کێ و چەند بەشیان هەبوو؟

ئەم دەوڵەتە ناویان (مەمالیك)بوو، دوای ئەوەی خانمە شاژنی میسرِی (شجرە الدر)یان لەسەر دەسەڵات لادا بەهۆی هەستیاری بارودۆخەکەوە و نزیکبوونەوەی مەغۆل، وە بڕیاریاندا (سیف الدین) بکەنە سەرکردە، کە لەدوایدا بەشێکی گەورەی مێژووی ئیسلامی و میصری داگیر دەکات و، دەبێتە ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکانی مێژوو، شان بەشانی خالد و عمر و صلاح الدین و نور الدین هتد... باسدەکرێت، وە شکانی مەغۆل و پوکاندنەوەی لەناوچەکەدا بۆ دەگێردرێتەوە.

بەم شێوەیە سیف الدین بەهۆی ئەزمونی سەربازییەوە بەخێرایی سوپایەک ئامادە دەکات بەهاوکاری زانای گەورە و (سوڵتانی زانایان) عیزی

کوڕی عبدالسلام، کە بۆ خۆی زۆر لەمێژوو گەورەترە و ڕەفتارەکانی تائەمڕۆش پێشڕەوی هەموو زانا و خواناس و کەسایەتییە حەقبێژەکانە و، دەبێت وەک وانە هەڵوێستەکانی بخوێنرێت.

قطز سوپا بەڕێدەکات و دەستپێشخەر دەبێت بەپێچەوانەی بیرکردنەوە و بۆچوونی مەغۆل کە پێیان وابوو، هاوشێوەی شانشینەکانی دیکە، میسریش چاوەڕێی سوپای مەغۆل دەکات لەوڵاتەکەی خۆیان!

بۆیە بەخێرایی مەغۆل لەهێرشبەرییەوە دەگۆڕێت بۆ بەرگریکار، وە دەیەوێت پێش بەسوپای مەمالك بگرێت، لەلایەکی دیکەوە هۆلاکۆ بەهۆی مردنی خانەوە، گەڕاوەتەوە مەنغۆلیا و کاروبارەکانی بەسەر (کاتبۆگا)دا بەجێهێشتووە. واتە بارودۆخی مەغۆل لەوکاتەدا لە دۆخێکی باشدا نەبوو.

بەم جۆرە هەردوو سوپای ئیسلامی و مەغۆلی لەساڵی ٦٥٨ک لە فەلەستین لەناوچەیەک بەناوی (عین جالوت) دەگەن بەیەک، وە سوپای موسوڵمانان بۆ یەکەم جار سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدەهێنن و مەغۆلیش دۆڕانێکی پشت شکێنیان توش دەبێت، بە ئیبادەبوونی سوپاکەیان و کوژرانی (کاتبۆگا)ی سەرکردەی سوپا، ئەمەش دەبێت هەڵگەڕانەوەیەکی مێژوویی لە مێژووی مەغۆل و ئیسلامیدا و ناوزەند دەکرێت لەزمانەوانی مێژوویدا بە(خاڵی ئاڵوگۆڕ)، واتە ئەو ساتەی تێیدا مێژووی کەسایەتی یان گەل یان کۆمەڵێک دەگۆڕێت بە ١٨٠پلە، لەهێزەوە بۆ لاوازی یان بە پێچەوانەوە.

سەرەڕای سەرکەوتنی مەمالیك بەسەرکردایەتی سیف الدین، بەڵام خودی خۆی دروێنەی ئەم سەرکەوتنە ناکات و پێش گەڕانەوەی بۆ میصر، لەسەر دەستی یەکێک لە ئەفسەرە سەربازییەکانی بەناوی (زاهیر پێپەرس) دەکوژرێت بەهۆی دووبەرەکییەکی کۆن لەنێوانیاندا. پاشان زاهیر دەبێتە سوڵتانی میسر و بەردەوام دەبێت لە پەرەدان بە جەنگی مەغۆل و دەرکردنیان

لەناوچەکە، کە ئەویش بۆخۆی یەکێکە لە هەرە سەرکردە گەورەکان کە لەبەرامبەر خاچپەرستان و مەغۆل بە سنگێکی پۆلایینەوە دەوەستێت و شەئنێکی گەورەی مێژوویی هەیە کە لە داهاتوودا باسی لێوە دەکەین (ان شاءالله)[1].

## دابەشبوونی ئیمپڕاتۆری مەنغۆلی.

دوای مردنی مەنگۆ خان، کە بەگەورەترین و فراوانخوازترین خانی مەغۆلی ناوزەندەکرێت دوای جەنگیز خان، ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی کەوتە ژێر مەترسییەکی گەورەوە لەنێوان نەوەکانی تۆلۆی کوڕی جەنگیزخان و بەتایبەتیش (ئارگ بۆگا و کۆبۆلای)ی دوو برای هۆلاکۆ. سەرەتا ئارگ بۆگا هەرلی سەرقاڵی کۆبۆلای برای قۆستەوە لەچین و خۆی وەک خان هەڵبژارد لە قەراقۆرم، بەبەژداری ناودار و سەرکردە و ئەندامانی شورای مەغۆلی (ئارک بۆگا) هەڵبژێردرا، بەڵام کۆبۆلای خۆی نەدا بەدەست ئەم بڕیارەوە، چونکە دڵنیا بوو لە پشتگیری سوپای مەغۆلی بۆی، بۆیە بڕیارەکەی ڕەتکردەوە و لەساڵی ١٢٦٠ز/٦٥٨ک جەنگ لەنێوان هەردوو برا هەڵگیرسا لەلایەک، وە لەلایەکی دی لەنێوان هەریەک لە هۆلاکۆ و (بەرەکە خان) دوای موسوڵمانبوونی جەنگ هەڵگیرسا بەهەمان شێوە، وە لەلایەکی دیکە سوپای مەمالیك شام کۆنترۆڵ دەکات و سوپای هۆلاکۆ دەخاتە ژێر مەترسییەوە بەهاوکاری هۆزەکەی بەرەکە خان (هۆزی ئاڵتونی) کە ڕاوەستانمان دەبێت لەسەر خۆیان و سەرکردە و نەوەی سەرکردەکەیان و کاریگەریان لەسەر مانەوەی ممالیك و داگیرنەکرانی قودس و مەککە و مەدینە.

(١) سەرچاوە (تاریخ المغول من جنگیز خان الى دوله التیموریه).

پاشان لەساڵی ١٢٦٤ز کۆبۆلای دەستدەگرێت بەسەر ئیمپڕاتۆریەت و ئارگ بۆگای برای دەشکێنێت و دەستگیری دەکات، بەڵام لەلایەکی دی هۆلاکۆ دەمرێت و کۆبۆلای ئاباگای کوڕی هۆلاکۆ دیاری دەکات بۆ جێگرەوەی، وە پاش ئەو بەچەند مانگێک بەرەکە خانیش دەمرێت، وە بەهەمان شێوە کۆبۆلای مۆنکۆ تەیمور دەکاتە جێگرەوەی ئەو!

وە لەهەمان ساڵدا ئالگۆ خانی سەرکردەی خاناتی جۆگۆتایش دەمرێت لەبارودۆخێکی نادیاردا! بەم جۆرە ئیمپڕاتۆریی مەغۆلی دابەشدەبێت بەسەر چوار شانشینی سەربەخۆدا، وە خانی گەورە تەنها وەک ناو دەمێنێتەوە!

لەڕۆژهەڵات خانی یوان کە لەخێزانی تۆڵۆیی دەبن و خانی گەورەش لەوەنە بەناوی خێزانی (یوان)ەوە حوکم دەکەن، وە پاش شۆڕشی (جامانە سورەکان) لە پەنجاکانی سەدەی چواردەی زاینیدا، وردە وردە ئەم خێزانە بەرەو لەناوچوون دەچێت تا لەساڵی ١٣٧٠دا کۆتاییان پێدێت و دەگەڕێنەوە ناو مەنغۆلیا.

وە لە ناوەڕاست و ناوچەکانی هندی چینی، خێزانی جۆگۆتای دەسەڵاتدار دەبێت بەناوی خانی جۆگۆتایی یاخود مەغۆلی هند، پاش ئەوەی کە دەبنە موسڵمان، حوکمیان لەسەر ئەو ناوچانە بەردەوام دەبێت تا داگیرکاری ئینگلیزی لەسەدەی ١٨ز دا و، کۆتاییان پێدێت لەسەر دەستی سوپای ئینگلیز.

لە ناوچەکانی خۆراسان و ئێران و عێراق، ئێل خانی دەسەڵاتدار دەبێت کە نەوەکانی هۆلاکۆ بەڕێوەی دەبەن و ئەمانیش ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتیان گرتە دەست و پاشان وردە وردە لەناو مەزهەبی شیعیدا توانەوە. وە چەندین جەنگی گەورەیان دژی مەمالیك بەرپاکرد، لەگرنگترینیان جەنگی (شەقحەب) کە شێخی ئیسلام ابن تیمیە تێیدا بەژداری کرد و هۆکارێک بوو بۆ شکستهێنانی مەغۆل بەسەرکردایەتی غازان. وە دەتوانین بڵێین ئێل خان

هۆکاری سەرەکی بەشیعیکردنی عێراق و ئێران و بەشێک لە ئەفغان بوون، چونکە تا ئەوکاتە شیعە هیچ دەوڵەتێکی بەهێز پشتی نەگرتبوون لەو ناوچانەدا دوای فاتمیەکان! تا لەساڵی ٧٥٦ ک/١٣٥٥ز لەسەر دەستی جەلائیرییەکان کۆتاییان پێهات.

لەباکور و ڕۆژئاوا هۆزی ئاڵتونی دەسەلاتداربوو کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ جوجی کوڕی جەنگیز خان، وە ئەم هۆزە ڕاوەستانمان دەبێت لەگەڵی و هەوڵدەدەین بەوردتر لێی بدوێین.

## خانی ئاڵتونی

پێش ئەوەی جەنگیز خان بمرێت، دەوڵەتەکەی دابەشکرد بەسەر کوڕەکانیدا، وە لەناو ئەوانیشدا جوجی کوڕە گەورەی، هەریەک لە ڕوسیا و قەفقاز و سیبیریا ڕۆژئاوای بەردەکەوێت، وە بە وەسێتی خۆی پلەی خانی گەورەش دوای خۆی بۆ ئەو دەبێت، بەلام بەهۆی ئەوەی جوجی پێش مردنی جەنگیز خان دەمرێت، سەرکردایەتی مەغۆل دەگوازرێتەوە بۆ ئۆگادای.

ئەم هۆزە ناویان لێنراوە زێڕین، چونکە کلاوەی خێمەکانیان لەزێڕ دروستکرابوون، وە لەدورەوە بەڕەنگی زەرد جیادەکرانەوە. پاتۆ کوڕی جوجی، دوای باوکی سەرکردایەتی خێڵەکەی دەکات، وە لەگەڵ ئەوەشدا ڕقێکی شاراوە دژی مامی (ئۆگادای) هەڵدەگرێت کە لەدوای ئەو لەنەوەکانیدا دەردەکەوێت. سوپای مەغۆل بەسەرکردایەتی پاتۆ توانی هەموو ڕوسیا و مەجەڕ و بولگاریا داگیر بکات تا سنوری ئەڵمانیا لە سەردەمی حوکمڕانی ئۆگادایدا، وە شارێک بنیات دەنێت بەناوی سارای کە بەسەرای پاتۆ دەناسرێت، وە دەبێتە پایتەختی دەوڵەتەکەی.

هۆکاری کاریگەربوونی ئەم هۆزە بە دینی ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە بۆ کچی علاء الدین مونکەبیرتی پاش ئەوەی دەگیرێت، جوجی دەیکاتە هاوسەری خۆی، وە تا مردنی لەگەڵ ئەم خێزانەدا دەمێنێتەوە و هەموویان بەخۆی کاریگەر دەکات!

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەی سەرکردەکانی مەغۆل کاریگەر دەبن بە ژنەکانیان، نهێنی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مەغۆلەکان بیروباوەڕێکی جێگیریان نەبووە، وە خاوەنی دینێکی ڕەگ داکوتراو نەبوون لەناخیاندا. وە هەرکەسێک پەیوەست نەبێت بەبیروباوەڕێکی پتەو ئەوا هەر شنەبایەکی بیروباوەڕی پتەوی بەرامبەر لێیبدات ئەوا پێی کاریگەر دەبێت.

هەرچەندە پاتۆ نەبووە موسوڵمان، بەڵام بەهۆی ئەو زرِدایکەییەوە هەڵسوکەوتی گەلێک باش بوو لەگەڵ موسوڵماناندا، بەپێچەوانەی کوڕەزاکانی دیکەی جەنگیز خان، کە بەوپەڕی وەحشیگەرێتیەوە مامەڵەیان لەگەڵ موسوڵمانان دەکرد.

پاش مردنی پاتۆ ساڵی ٦٥٠ک/١٢٥٢ز، سەرقۆتی کوڕی دەبێتە خانی هۆزەکە، بەڵام دوای چەند مانگێک لە هەڵبژاردنی دەمرێت، وە لەجێگەی ئەو بەرەکە خان دەسەڵات دەگرێتە دەست، وە لێرەوە چیرۆکی ئیسلامەتی مەغۆل دەست پێدەکات.

## بەرەکە خان

ابو المعالی ناصرالدین بەرەکە خان، یەکەم خانی مەغۆلی کە دێتە ناو ئیسلام، پاش ئەوەی کە لەقەرەقۆرم دەگەڕێتەوە لەسەر دەستی شێخێکی تورکمانی دێتە ناو ئیسلام و، داوا دەکات کە کتێبێکی بۆ بنوسرێت تێیدا بەپێی لۆژیک عەقیدەی ئیسلام و بیروباوەڕەکانی دیکەی تێدا ڕوونبکرێتەوە لەساڵی

٦٥٠ك. وە پاش ئەوەی لە ٦٥٣ك دا دەسەڵاتی هۆزی ئاڵتونی دەگرێتە دەست، هەموو هۆزەکە لەسەر دەستی دێنە ناو ئیسلام و لە شاری سەرای مزگەوت دەکاتەوە و دەیگۆڕێت بەگەورەترین شار لەو سەدەمەدا، وە بەیعەت دەداتە خەلیفەی موسوڵمانان لەوکاتەدا (مستعصم بالله).

## دوژمنایەتی لەگەڵ هۆلاکۆ

دووبەرەکی بەرەکە لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە هۆلاکۆ بەفەرمانی مەنگۆ خان سوپا ئامادە دەکات بۆ داگیرکردنی بەغداد و باقی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئیمپڕاتۆری مەغۆلی، وە برکە زۆر داوا لە پاتۆی برای دەکات کە لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتەدا بوەستێت و نەهێڵێت خیلافەتی ئیسلامی بڕوخێت. وە پاتۆ لەسەر قسەی براکەی نامە دەنێرێت بۆ هۆلاکۆ تا هەڵمەتەکەی ڕاگرێت، بەمەش هۆلاکۆ ناچار دەبێت گوێڕایەڵی گەورەترین پیاوی ناو مەغۆلبێت و هەڵمەتەکەی بۆماوەیەک ڕاگرێت، تا ئەوکاتەی پاتۆ دەمرێت، جارێکی دیکە دەستدەکاتەوە بەئامادەکاری و بەڕێکەوت بەرەو بەغداد.

بەرەکە لەسەرەتادا هەوڵی ئامادەکردنی سوپایدا بۆ ڕێگرتن لەهۆلاکۆ، بەڵام زۆرینەی سوپا ڕەتیانکردەوە کە بەژداربن لەگەڵی چونکە هێشتا سۆزیان بۆ جەنگیز خان مابوو، وە پێیان وابوو شکاندنی فەرمانی مۆنکۆ خان واتە شکاندنی فەرمانی جەنکیز خان. بەمەش بەرەکەیان ناچارکرد کە بەدوای هۆکارێکدا بگەڕێت تا قەناعەتیان پێبکات لەدژی هۆلاکۆ بجەنگن وە لەگەڵ عاداتی مەغۆلدا یەکبگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ویستی تورەیی هۆلاکۆ بجولێنێ تا بڕیارێکی هەڵە بدات و ئەو ببێتە هۆکاری جەنگ!

سەرەتا بەرەکە داوا لەهۆلاکۆ دەکات کە ناوچەی تەبرێز و مەراغای پێبدات چونکە هاوسنوری دەوڵەتەکەین و سەربازانی هۆلاکۆش ئازاری

خەڵکەکەی دەدەن. هەروەها پاش ئەوە نێردراوی خۆی نارد بۆ وەرگرتنی سێیەکی غەنیمەکەی، هەروەک لەسەردەمی پاتۆدا دەگوزەرا، وە فەرمانێکی کۆنی جەنگیزە کە خانەوادەی جوجی دەبێت سێیەکی دەستکەوتی جەنگی وەربگرن. بەمەش هۆلاکۆ زۆر توڕە دەبێت و نێردراوەکانی بەرەکە دەکوژێت و، بەخێرایی لەساڵی ٦٦٠ک سوپا ئامادە دەکات بۆلێدانی بەرەکە، بەڵام بەخراپترین شێوە سوپاکەی توشی شکان دەبێت. وە ئەمە دووهەم شکانی هۆلاکۆ دەبێت لەژیانی سەربازیدا دوای عین جالوت، بەڵام بەخێرایی سوپای دیکە ئامادە دەکات بەسەرکردایەتی نۆیان و دەتوانێت سوپای بەرەکە بشکێنێت. پاشان هۆلاکۆ دەیەوێت بەتەواوی ناوچەکانی بەرەکە داگیربکات، وە ئەو هەڕەشەیە لەسەر دەوڵەتەکەی لابدات و، بەسەرکردایەتی ئاباگای کوڕی و سوپایەک لە عەرەب و ئێرانی ناوچەکە دەنێرێت بۆ سەر دەوڵەتەکەی هۆزی ئاڵتونی، بۆیە بەرەکە ئەمجارەیان بۆخۆی سەرکردایەتی سوپاکەی دەکات و، لەساڵی ٦٦١ک سێیەم شکان دەگەیەنێت بەسوپاکەی هۆلاکۆ لەناوچەکانی قەوقاز و تەواوی سوپاکەی ڕاودەنێت بە ئاباگای کوڕی هۆلاکۆشەوە!

هەموو ئەمانە لەبازنەی یارمەتیدانی سوپای مەمالیکدابوو لەوکاتەدا، چونکە بەرەکە خان لەگەڵ زاهیر پێپەرسدا ڕێکەوتبوو تا پێکەوە سوپای مەغۆل بخەنە نێوان دەمی مقاشەوە و لەهەردوولاوە بەهێز لێیان بدەن.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە سەرەڕای موسوڵمانێتی ئەم کەسایەتییە گەورەیە، بۆماوەیەکی زۆر و جیل لەدوای جیلی هۆزی ئاڵتونی نەیانتوانی حوکم بەشەریعەتی ئیسلامی بکەن، چونکە دەرهێنانی پیرۆزی یاساق کارێکی ئاسان نەبوو و لەدڵی مەغۆلدا. بۆیە زانایان هیچ کات حوکمیان بە کفر نەداوە بەسەر ئەم کەسایەتیەدا، وە هەمیشە بەبەرزی باسی هەڵوێستەکانیان کردوە و، بیانویان بۆ جێبەجێنەکردنی حدودەکان بۆ هێناوەتەوە، بۆیە ئێمەش دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوکەسەی نایەوێت

شەریعەت جێبەجێ بکات لەگەڵ ئەو کەسەی کە ناتوانێت. ئەوانەشی کە دەڵێن با نەبێتە سەرکردە ئەوە لەوپەڕی گەوجیدان، بیهێنە پێش چاوت ئەگەر بەرەکە نەبوایە سەرکردە و یارمەتی ممالیک نەدرایە، ئایا دەیانتوانی بەئاسانی مەغۆل بشکێنن؟ بۆیە ئیسلام دینێکی واقعییە و هەمیشە فێرمان دەکات کە بەعەقڵ بیربکەینەوە، وە قاعدەییەکی بۆ داناویوون ئەویش (هەڵبژاردنی خراپەیەکە لەنێوان دوو خراپەدا کە کەمترین زیانی هەیە).

## جێنشینانی بەرەکەت

دوای کۆچی دوایی بەرکە خان لەکاتی هەڵمەتەکەی بۆسەر ئێل خانی مەغۆلی کە ئاباگای کوڕی هۆلاکۆ بەڕێوەی دەبرد، برازاکەی کە ناوی (مانکۆ تیمور)بوو، بووە خانی هۆزی زێڕین، وە درێژەیدا بەجەنگ دژی ئاباگا لەلایەک و، ئیمپڕاتۆری بیزەنتی لەلایەکی دیکە لەڕێگەی هۆزە تورکییەکانی ئەنادۆڵەوە، لەسەر و هەمووشیانەوە هۆزی کای کە لەدوایدا دەبێتە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی!

لەدوای کۆچی دوایی مانکۆ، تیمور براکەی (تدان مانکۆ) دەبێتە جێنشینی وە موسوڵمانێتی خۆی ڕادەگەیەنێت و، پاشان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆریەتەکەی لە یاساقی جەنگیز خان ڕزگار دەکات و دەیکات بە شەریعەتی ئیسلامی و، وەزارەتی دادیش دەداتە زانایانی شارەزا لەدیندا، واتە تا سەردەمی ئەم کەسایەتییە حوکم بەشەرعی ئیسلامی نەدەکرا بەهۆی ئەوەی هێشتا مەغۆل پەیوەست بوون بە جەنگیز خانەوە و بەرەکە خان نەیدەتوانی بەخێرایی بیانگۆڕێت.

ساڵی ٦٦٨ک پاش ئەوەی تدان کۆچی دوایی دەکات (تلابگا)ی برازای دەبێتە جێنشینی، ئەمیش پاش ئەوەی لەگەڵ یەکێک لەئەفسەرەکانی دەبێتە

ناکۆکیان و بەهۆیەوە دەکوژرێت و براکەی (تەقەتای)ی ساڵی ٦٩٠جێگەی دەگرێتەوە، ئەمیش لەگەڵ غازانی سەرکردەی ئێل خانی دەکەوێتە جەنگەوە، بەڵام هێندە نابات هەم ئەو هەم غازان کۆچی دوایی دەکەن ساڵی ٧١٢/٧١٠ک.

پاش تەقەتای هەریەک لە (غیاسە الدین ئۆزبەک و محمد جانی بەگ و محمد بردی بەگ) دەسەڵات دەگرنە دەست لە ٧٦٢/٧١٢ بەهۆی خراپی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەلانی ژێر دەسەڵاتیان ئاڵۆزی و پێکدادان دەکەوێتە نێو ئیمپراتۆریەتەکەوە و پەرتەوازە دەبێت. لەلایەکەوە ڕوسەکان و لەیەکی دیکە هەر ناوچەیە و کەسێک سەربەخۆی داوا دەکرد و لە ئیمپڕاتۆر جیادەبۆوە، بەڵام لە هەموو ئەوانە خراپتر دەرکەوتنی تیمور لەنگ بوو، کە بووە هۆی ڕووخانی ئیمپڕاتۆری زێڕین و کۆتایی پێهاتنی بەیەکجاری و داگیرکرانی لەلایەن تەیمور خان کە باسێکی تایبەتی دەدەینێ و بەگشتی لەو کەسایەتییە مێژووییە ترسناکە دەدوێین کە تەواوی ژیانی بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە دەباتەسەر و هەموو هێزە گەورەکانی ناوچەکە دەشکێنێت و جارێکی دی مەغۆل یەکدەخاتەوە.

بەمەش ساڵی ٧٩٠کۆتا ساڵی ئەو ئیمارەتە ئیسلامییە گەورەیە بوو، وە پاش ڕووخانی گەلە موسوڵمانەکەی ژێر دەسەڵاتی هەمان دەردە سەری ئەندەلوسیان بەسەردێت و کوشتوبڕ دەکرێن لەلایەن ڕوسەکانەوە و، جارێکی دی ئەو ناوچانە دەسەڵاتی ئیسلامی بەخۆیەوە نابینێت. تا کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ز لە قەوقاز و لەسەردەمی داودۆف دا جارێکیدی ڕوحێکی ئیسلامی بۆ دەگەڕێتەوە، هەرچەندە وڵاتانی دیکەی وەک ئۆزباکستان و کازاخستان و قیرخستان و هتد... موسوڵمانان تێیدا زۆرینەن تائەمڕۆش، بەڵام هیچ هەوڵ و پڕۆژەیەکی ئیسلامی جدیی تێدا نەدراوە، بە داخەوە.



وێـــــــنەکەش پادشــــای ڕوســـی ئەلـیکســـــاندەرە لەبەردەم پاتۆ خاندا بەچۆک هاتووە پاش داگــیـرکـرانــی وڵاتەکــەی لەلایــەن مەغۆڵەکـانی هۆزی ئـــــــــاڵتونی.

## ئێل خانی مەغۆڵ

وەکو پێشتر زانیمان دوای ڕووخانی خیلافەتی عەباسی تەواوی ناوچەکانی خۆرئاوای ئاسیا و، خۆرەهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە ژێر ڕکێفی هۆلاکۆوە و، بەهۆی گەورەبوونی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی لەلایەن تاکە کەسێکەوە حوکم نەدەکرا، بۆیە لەسەر وەسێتە کۆنەکەی جەنگیز خان دابەشکرا بەسەر کوڕ و کوڕەزاکانیدا. لە باکور و خۆرئاوا بنەماڵەی جوجی و لەناوەڕاست بنەماڵەی جۆگەتای و لەئەوپەڕی ڕۆژهەڵات و ئەوپەڕی باشور و ڕۆژئاوا بنەماڵەی تۆلۆی.

وەک دەزانین پشکی شێر بەر بنەماڵەی تۆلۆی دەکەوێت چ خانێتی مەغۆل و چ فراوانی ناوچەکانیان، وە بنەماڵەی ئۆگادای لە یاریەکە دەکرێنە دەرەوە دوای مردنی جوکی.

لە عێراق هۆلاکۆی کوڕی تۆلۆی شانشینێکی بنیاتنا کە لەدوای خۆی نەوەکانی حوکمی دەکەن، ئەم شانشینە پانتاییەکەی لەسنوری ئەفغانستان

لەڕۆژهەڵات تا دەگات ئەنقەرە لە ڕۆژئاواوە، وە لەئازربایجانەوە لەباکور بۆ کویت لە باشوور، ئیمپڕاتۆرییەکی پەلکێشا و لەناوچەیەکی موسوڵمان نشیندا بۆ مەغۆلییەکان دامەزرا و ناوی لێنرا (ئێلخان).

ئەم دەوڵەتە بەپێچەوانەی هەموو پارچەکانی دیکەی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی، لەبەربەرەکانێیەکی بەردەوامدا مایەوە لەگەڵ موسوڵمانان، چ لە ئەنادۆڵ دژی هۆزە تورکییەکان لەگەڵ ئەوەی سەلجوقییەکانی ڕۆم تاڕادەیەک ڕامی کردبوون و بەناوی مەغۆلەوە حوکمی دەکرد، بەڵام ئەمە نەبووە هۆکاری ڕاگرتنی هەڵگەڕانەوەی هۆزە تورکییەکان و بەتایبەتیش هۆزی (کایا)، کە لەدوایدا لەسەر دەستی عوسمانی کوڕی ئۆرتغل بناغەی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت. هەرچەندە عوسمان تا کۆچی دواییش دەکات دڵسۆز دەبێت بۆ پادشای سەلجوقی (علاء الدین)، بەڵام بە تێپەڕبوون و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی پادشای سەلجوقی وا دەکات هۆزەکان وردە وردە پشت بەخۆیان ببەستن و مەغۆل لەم ناوچەیە دەربکەن بەیارمەتی خانی زێڕین و مەمالکەکان.

لەلایەکی دیکە ئێلخانی هەر لەسەردەمی دامەزراندنییەوە و دوای عین جالوت ڕوبەڕووی زاهیر پێپەرسی پادشای مەمالیك دەبێتەوە لەسەردەمی ئاباگای کوڕی هۆلاکۆدا و بەم هۆیەوە دەسەڵاتیان لەشامدا دەڕوخێت و کۆتا ناوچەی مەغۆلی دەکەوێتە سنوری شاری حارڕانەوە کە تا کۆتایی هاتنی مەغۆلەکان ئەم شارە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت بەهۆی هێرشی بەردەوامی مەغۆل بۆسەری و تێکدان و سوتاندنی. وە بۆ یادخستنەوەش پێشەوا ابن تیمیە لەم شارەدا لەدایک دەبێت، وە هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارانە بەچاوی خۆی دەبینێت و ڕقی مەغۆل هەر لە منالییەوە دەچێتە دڵی بەهۆی ئەو هەموو کوشتارەی کە لەوێ دەیانکرد، بۆیە لەدوایدا دەبێتە پاڵنەری خەڵکی دیمەشق بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی مەغۆل، تەنانەت لە هەرە وتە بەناوبانگەکانی ئەوەیە:

"ئەگەر بینیتانم لەبەرەی تاتار و قورئانێکم خستۆتە سەرم و سوێند دەخۆم بە حەقبوونی ئەوان، ئەوا لەملم بدەن".

هەرچەندە ئەم خانەی مەغۆل وەکو خانەکانی دیکە کاریگەر دەبێت بە ئیسلام و لەناو موسوڵماناندا دەتوێتەوە، بەڵام بۆ ماوەی سەدەیەکی تەواو مەترسی دەبێت لەسەر ئیسلام و موسوڵمانان، تەنانەت هەندێک لە خانەکانی هاوشێوەی غازان کە ئیسلامەتی خۆی ڕاگەیاند تا موسوڵمانان ساردبکاتەوە لە ڕوبەڕووبوونەوەی وە بەئاسانی شام و ئەنادۆڵ داگیربکات!

پایتەختی ئەم شانشینە لەسەرەتادا مەراغا دەبێت پاشان دەگوازرێتەوە بۆ تەبرێز لەسەردەمی ئاباگا و دوای ئەوە دێتە سوڵتانییە(١).

## ئێل خانی مەغۆل (توانەوە لەناو عەقیدە).

دوای ئەوەی ئاباگا دەسەڵات دەگرێتە دەست لەساڵی ٦٦٤ک/١٢٦٥ز لەسەر ڕێڕەوی هۆلاکۆی باوکی بەردەوام دەبێت، بەیارمەتیدان و یارمەتی وەرگرتن و دۆستایەتی خاچپەرستان دژی دوژمنی هاوبەش کە لە مەمالیکدا بەرجەستەبوو بوو بەسەرکردایەتی سوڵتان زاهیر پێپەرس، بەڵام ئەو دۆستایەتییە کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت بەهۆی خێرایی و بەهێزی سوپای مەمالیك و پشتگیری کردنی لەلایەن ئەنادۆڵ و شام و هۆزی زێڕینەوە، وە لەچەندین جەنگدا سوپای مەمالیك هێزەکانی ئاباگا دەشکێنێت لەناوچە جیاوازەکانی شام و ئەنادۆڵ، بەڵام ئەم بردنەوانەی مەمالیك نەبووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی مەغۆلی لەعێراق، بۆیە کێشمە کێشەکە و مەترسییەکە بەبەردەوامی مایەوە بۆماوەیەکی درێژ خایەن بۆسەر شام بەتایبەتی.

---

(١) جنگ شاهی جوینی/ المغول من جنگیزخان الی تیمورلنگ هتد...

لەساڵی ١٢٨٢ز/٦٨١ک دوای مردنی ئاباگا، تاکۆداری کوڕی هۆلاکۆ دەبێتە خانی مەغۆلی (ئێل خانی) و پاشان موسوڵمان بوونی ڕادەگەیەنێت و ناوی خۆی دەگۆڕێت بە ئەحمەد. پاشان نامە دەنێرێت بۆ مەمالیك و داوای ئاگربەستیان لێدەکات، بەڵام یەکێک لەکوڕەکانی ئاباگا بەناوی (ئارگۆن) لەساڵی ١٨٨٤ز/٦٨٣ک هەڵگەڕانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێت بەرامبەر ئەو خانەی کە لە بیروباوەڕی جەنگیز خان و دابونەریتی مەغۆل دەرچووە، وە بەیارمەتی دکتۆرێکی جولەکە بەناوی (سعد الدولە) کە هاوبەشی بوو لە ئامانجی گەورە (لاوازکردن و لەناوبردنی موسوڵمانان)! پاشان دەیکوژێت، وە بەم هۆیەوە جولەکە لەناوچەکانی ئێران و عێراق ڕۆدەچن لە پلە بالآکانی دەسەلآت و بەڕێوەبردن، پاشان ئارگۆن پایتەخت لە تەبرێزەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە چونکە زۆرینەی خەڵکی شارەکە موسوڵمان بوون، ترسا لە هەڵگەڕانەوەیان، وە دەستیکرد بەدروستکردنی شارێک لەتەنیشت تەبرێز، بەڵام پێش تەواوکردنی لەساڵی ١٢٩١ دەمرێت. بەدوایدا کوڕەکەی (کیخاتۆ) دێتە سەر دەسەلآت، سەرەتا کارەکانی دەوڵەتەکەی دابەش دەکات بەسەر خەڵکی ولآتدا نەک مەغۆلەکان، وە پارەی کاخەز دەخاتە ولآتەوە، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەزمە لەنێوان ئەو و سەرکردە مەغۆلییەکان و، لەهەمان کاتدا ئابووری ولآت خراپ دەبێت بەهۆی پارە کاخەزەکانەوە، بۆیە بەخێرایی سەرکردە مەغۆلییەکان کودەتایەکی بەسەردا دەکەن و دەیکوژن. وە لەجێگایدا بادوی کوڕی تۆگانی کوڕی هۆلاکۆ دادەنێن، بەڵام زۆر بەردەوام نابێت تا غازانی کوڕی ئاراگۆنی کوڕی هۆلاکۆ کودەتایەکی سەربازی بەسەردا دەکات و دەسەلآتی لێدەستێنێت لەساڵی ١٢٩٥ز دا.

غازان سیاسییەکی بەهێزبوو وە بە بەهێزترین خانی ئێل خان دادەنرێت لەدوای هۆلاکۆ، بۆیە بەزوویی درک بەوە دەکات کە دەسەلآتی مەغۆلی درێژە ناخایەنێت بەبێ ئیسلام، بۆیە موسوڵمانێتی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ کۆکردنەوەی

پشتیوانی و پاشان لاوازکردنی بەرەنگاری موسوڵمانانی شام و داگیرکردنی بەبێ هێچ بەرهەڵستییەک، وە ئێمە پێمان وایە گەر خوای گەورە ابن تیمیەی نەکردایەتە هۆکاری کۆکردنەوەی موسوڵمانانی دیمەشق، ئەوا دوور نەبوو شام بۆ جاری دووهەم بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆلی!

# هەڵوێستی ئیمام

ساڵی ٧٠٢کۆچییە و مەغۆلەکان بەسەرکردایەتی (غازان)ی کوڕەزای هۆلاکۆ دەیانەوێت جارێکی دی مێژووی خوێناوی باپیرەیان (جەنگیز خان) دووبارە بکەنەوە لەشارەکانی ژێرسایەی ئیسلام، غازان بەخۆی دەگوت "موسوڵمان" وە زۆرێک لەشوێنکەوتوانیشی هەمان ناویان لەخۆیان نابوو، بەڵام هێشتا بۆنی ئیسلامیان نەکردبوو چونکە دەسەڵاتی قورئانیان نەکردبووە دادوەری نێوانیان، بەڵکو هانایان بۆ تەرسەقولی ئەسپەکەی جەنگیز خان دەبردوو یاساکەی ئەویان جێبەجێ دەکرد! دەیانویست تاریکی ئیمپراتۆریەتەکەیان ببەنە شام و میصر بەکۆکردنەوەی سوپایەکی گەورە، کە مێژوونوسان دەڵێن زیاتر بوو لە ٢٠٠هەزار سەرباز مەزەندە دەکران. لەم کاتەدا تەواوی خەڵک لەشام کەوتنە هەلەکە سەما و ترس و لەرز، چونکە دەیانزانی مەغۆل تاکە ئاوێک تینوێتیان دەشکێنێت کە تێربێت بەخوێنی مرۆڤ، بۆیە زۆرێک لەشێخ و بەناو مەلاکان داوایان لەخەڵک دەکرد کە بەرگری نەکەن وە ڕازیبن مەغۆلەکان حوکمیان بکەن، لەژێر بڕوبیانوی جیاجیادا (ئێمە توانای ڕوبەڕووبونەوەی مەغۆلمان نییە، بۆیە خۆتان بەهیلاک مەبەن)، یاخود دەیانگوت (ئەوان موسوڵمانن وەنابێت ئێمە دژی موسوڵمان بجەنگێین)!

لەم کاتەدا و لەتاریکی شەوە زەنگی جەهالەتدا نورێک دەرکەوت، بەرچاوی ڕێبواران و ئەوانەی لەتاریکی شەو دەترسان ڕۆشنکردەوە (شیخ

الاسلام تقیه الدین ابن تیمیه)، دەستی دایە یەخەی نەزانی و دای بەزەویدا، فەرمووی بەخەڵک: "ئەی خەڵکینە؛ ئەگەر بینیتان لەڕیزی مەغۆلم، وە لەسەر سەرم قورئانم داناوە و داوا دەکەم بێنە ژێر سایەی ئەو ستەمکارانە، ئەوا بیدەن لە ملم. خەڵکینە واللە ئێوە سەردەکەون". پێیانگوت: "ئەی ئیمام بڵێ ان شاءالله". فەرمووی: "ان شاء الله تحقیقا لا تعلیقا". واتە بەویستی خوا هەر دەبێت نەک بەویستی خوا لەوانەیە ببێت!

ئیمام پێش ڕوبەڕووبوونەوەی سوپاکان چووە لای غازان و بەجۆرێک لەگەڵی دوا هاوڕێکەی ئیمام دەڵێت عەباکەم کۆکردەوە، وتم با ئەگەر لەسەریدا پڕیشکی خوێنم بەرنەکەوێت!

ئیمام لەکاتی دەسپێکردنی (جەنگی شقحب) و بەرزبوونەوەی تۆز و خۆڵی ڕوبەڕووبوونەوە و تێکەڵبوونی شیر و تیر بەیەکدیدا، بەسەرکردەی سوپای دەگوت: "ارینی موضع الموت". واتە ئەو جێگەم نیشان بدە کە تێیدا دەمرم گەر بچمە ناوی!

پاشان خوای گەورە سەریخستن بەویستی خۆی و بەهۆکاری ئەو پیاوچاک و جوامێرانەی هاوشێوەی ابن تیمیە و ابن قلاون. ئێمە پێشەوای بەم جۆرەمان دەوێت.

بەڵێ (ان کنت امامی فکن امامی) ئەگەر تۆ پێشەوای منیت ئەوا فەرموو بڕۆ لەپێشمەوە. با ئەو تیرەی کە بۆمن دێت لەسەر بۆچوونی تۆ پێش من بەر خۆت بکەوێت تادڵنیابم لەڕاستگۆیت، تا دوای تۆ ئاڵاکەت لەدەست بگرم، تا لەتۆ زیاتر بەرگری لێبکەم، نەوەک لەجێی گەرمەوە هانم بدەیت و کە مردیشم بەدەم چاخواردنەوە پێمبڵێیت (تقبله الله پیاوی چاک بوو).

بەڵگەشمان لەسەر سیاسی بوونی موسوڵمانێتی غازان ڕێککەوتنی بوو لەگەڵ پاپا ئینیسۆسی دووهەم بۆ ئامانجێکی هاوبەش، کە لەناوبردنی مەمالیك

بوو. پاڵنەری غازان تەواوکردنی خەوانەکەی هۆلاکۆ خان بوو بۆ داگیرکردنی خاکی زیاتر و فراوانکردنی دەسەلاتی و، ئامانجی پاپاش گێڕانەوەی قودس و فەلەستین بوو بۆ باوەشی گاوران، بەلام (بایەکە بەپێچەوانەی ئارەزووی ئەوانەوە هەڵدەکات)، وە ئاواتەکانیان دەچێت بۆ دۆزەخ بەبوونی خوایەک لەسەروو هەمووانەوە و پاشان بوونی زانایانی هاوشێوەی ابن تیمیە و سوڵتانێکی وەک (ناصر قەلاوون)[١].

## تەیمور لنگ

### ئیمپڕاتۆرییەتێک بەسەر پشتی ئەسپەوە

ناوی تەواوی تەیموری کوڕی تابگای کوڕی ئاباگا لەڕێی دایکییەوە دەگەڕێتەوە سەر جەنگیز خان. بۆیەش کاتێک دەبێتە ئیمپڕاتۆر، مەغۆل دان بە خانێتیدا نانێت، بۆیە خانی مەغۆلی دەهێڵێتەوە، بەلام دەستی بەسەردا دەگرێت و وەک وێنەیەک دایدەنێت تا مەغۆل لێهەڵنەگەڕێنەوە.

لەساڵی ٧٣٦ک/١٣٣٦ز لەدایک دەبێت لە ئۆزباکستانی ئێستا (کە بەشێکە لەناوچەکانی ماوراء النهر و تورک نشینە، بۆیە بنەچەی تەیمور لنگ تێکەڵە بەتورکی و مەغۆلی)، وشەی "لەنگ" واتە (شەل) یان (گۆج)، وە "تەیمور" واتا (ئاسن)، ئاسنی شەل!

تەیمور لەمناڵیدا بە تیرێک دەپێکرێت و یەکێک لە هەستەوەرە دەمارییەکانی دەپچڕێت، بۆیە بەدرێژایی ژیانی بەشەلی دەمێنێتەوە. ئەم کەسایەتییە بە دامەزرێنەری دووهەمی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی دادەنرێت دوای

---

(١) تاريخ المغول من جنگيز خان الى الدوله التيموريه هتد...

جەنگیزخان، چونکە مەغۆل وەک ئیمپڕاتۆر کۆتاییان پێهات دوای قوبۆلای خان، وە پارچە پارچەبوون و توانەوە لەناو ئیسلامدا.

وەکو پێشتر زانیمان جەنگیزخان ئیمپڕاتۆرییەکەی بەسەر چوار کوڕەکەیدا دابەشکرد (تۆڵۆی، جوجی، ئۆگادای، جۆگۆدای)، وە زانیمان بەشی هەر لایەنێکیان کوێ بوو. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە مەغۆلی جۆگۆداییە کە هۆزی لاریس کە هۆزەکەی تەیمورە لەناو ئەم بەشەی ئیمپڕاتۆرییەکەدابوو، پێش دەرکەوتنی مەغۆل کێشە و بەرهەڵستی زۆر لەنێوان تورک و مەغۆلەکانی ئەو ناوچەدا دروست بوو، وە هەر هۆزێک لەلایەک بۆخۆی سەربەخۆ بوو، وە لەدژی هۆزەکەی دراوسێی دەجەنگا. بەکورتی پێویستیان بەسەرکردەیەک بوو تا کۆیان بکاتەوە وەک هێزێکی گەورە لەناوچەکەدا و ڕزگاریان بکات لە ئاڵۆزی و ناجێگێری، بۆیە دەرکەوتنی سەرکردەیەک شتێکی پێویست بوو لەو کاتەدا.

تەیموری لەنگ کەسایەتییەکی سیاسی بوو پێش هەموو شتێک، وە هیچ کات ڕوبەڕووی دوژمن نەدەبۆوە ڕوبەڕوو، بەڵکو بەعەقڵ و فکر و فێڵ دەیشکاند پێش ئەوەی بەسوپاکەی بیشکێنێت.

لەلای مەغۆل ئیدعایەی دەکرد کە ئەو ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر جەنگیز خان، تا لەوێوە حەقی دەسەلآت وەربگرێت، وە لەلای شیعەکان دەیووت کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر ئیمام علی! وە لەلای تورکەکان ئیدعایەی ئەوەی دەکرد کە ئەو بەشێکی تورکە و دەگەڕێتەوە سەر یافسی کوڕی نوح! وە لای سونەکانیش سونی مەزهەب بوو!

واتە لەڕاستیدا هیچ دینێکی نەبوو جگە کورسی و دەسەلآت، وەک هەر سیاسەتمەدارێکی لیبرالی لەم سەردەمەی ئێمەدا کە شوێنکەوتووی مێکاڤێلین لەبە سیاسەت و ڕامیاریدا.

تەیمور لەماڵێکی ئاساییدا پەروەردە بوو، لەگەڵ هاوەڵانی ڕاوە ڕێوی دەکرد و لەناو ئەسپ و گاوداریدا پەروەردە بوو، (ئەمەش نمونەیە بۆئەوەی مەرج نییە سەرکردە گەورەکان لەکۆشکی سەرکردایەتیدا دەربچن تا سەرکردایەتی گەل بکەن)، ئەو تەنها کوڕی سەرۆک هۆزێکی گچکە بوو نە زیاتر، بەڵام خاوەنی کاریزمایەکی گەورەبوو لەمناڵییەوە، منداڵانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە و لەیاریەکاندا دەبووە سەرکردەیان و دادوەری لەنێوانیانیاندا دەکرد.

تەیمور هەر لەمناڵییەوە وەکو هەر منداڵێکی دیکەی ئەوکات، چیرۆکەکانیان لەلایەن باوانیانەوە بۆدەگێڕدرایەوە، وە باسی شکۆ و گەورەیی ئیمپڕاتۆری مەغۆلی دەدرا بەگوێیدا پێش ئەوەی بتوێتەوە کە چۆن باوە گەورەی جەنگیز توانی هۆزە ئاژەڵ ئاساکانی مەغۆل کۆبکاتەوە و تەڕووشکی جیهانیان پێ بخوات و ئیمپراتۆرێکی زلهێز دابمەزرێنێت، کە توانی لە چین تا پۆڵندا و لە سیبیریا تا بەسرە بخاتە ژێر ڕکیفی کوڕەکانیەوە، بۆیە هەر لەزووەوە ئەم وتانە کاریگەری لەسەر تەیمور دروست دەکات و بڕیاری خۆی دەدات و ئامانجی خۆی دەخاتە پێش چاوەکانی کە گێڕانەوەی شکۆی باووباپیرانیەتی، وە یەکخستنی مەغۆلە لەژێر یەک ئاڵادا، پاش پەرتەوازبوون یان لە عێراق و خۆراسان و چین و قەفقاز و ڕوسیا هتد... وە دەستپێکەکەشی لە ڕۆیشتنە بۆلای کەسێک لە سەمەرقەند کە پێی دەوترا (صانع الملوك) ئەو کەسەی کە پادشاکانی دروست دەکرد!

## ڕێگە بەرەو ئیمپڕاتۆریەت

باوکی تەیمور زۆر هەوڵیدەدا لەمناڵیەوە کە فێری دینی بکات و لەگەڵ پیاوانی تەسەوفدا تێکەڵ ببێت، بۆیە تەیمور زۆر ڕوو لەمزگەوت بوو لەسەرەتای

ژیانیدا و لەناو مەجلیسی زانایاندا دادەنیشت و حەزی بە کاری جدی بوو، لەسوعبەت و گاڵتە و گەپ دوور بوو، واتە سیماکانی سەرکردەی پێوە دیاربوو هەر لەسەرەتای ژیانییەوە.

سەردەمی پێگەشتنی تەیمور چەندین شۆڕش لە ئاسیای ناوەڕاستدا ڕوویاندا و لەکۆتایدا بەسەرکردایەتی پادشایەک کۆتایهات کە ناوی (قازان) بوو، لە سەمەرقەند دادەنیشت و، بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەپشتی خانەوە حوکمی دەکرد، وە لەلایەن ئەوەوە خان دیاریدەکرا و، هەر خۆشی سەرکردەکانی ناوچەکانی دیکەی دیاری دەکرد لە ئاسیای ناوەڕاست، بۆیە ناسرابوو بە "دروستکاری پادشاکان".

وە ئەم ڕووداوانە ڕێگەیاندا بە دەرکەوتنی تەیمور، چونکە قازان خۆی بانگێشتی دەکات تا پێی بگەیەنێت بۆ سەرکردایەتی کردنی مەغۆل.

لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەمیشە لەپشت کەسایەتییە گەورەکانەوە، کەسانێکی دیکە هەن کە مێژوو زۆر لێیان نەدواوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان لەپشت کەسایەتییەکانەوەن، دەرناکەون یان خۆیان دەرناخەن، ئەم جۆرە کەسایەتیانەش پێیان دەوترێت "پیاوی سێبەر" رجل الظل!

ساڵی ١٣٥٦ز تەیمور لەسەر بانگێشتی پادشایی خۆی دەگەیەنێتە لای قازان و لێرەوە ڕێڕەوی گەورەبوونی دەستپێدەکات، وە لێرەوە کافربوونی تەیمور دەستپێدەکات، چونکە قازان کەسێکی بێدین بوو، وە یەکەم وانە کە دەیدات بەتیمور: "ئێمە لێرەدا وازمان لەدین هێناوە لە پێناوی برایەتی"!

بۆیە ئەم وانەیە دەبێتە ڕێڕەوی هەموو سیاسییەکی ناموسوڵمان بەدرێژای مێژوو، بۆیە هەر لەم ساتەوە تەیمور واز لەدین دەهێنێت!

قازان و تیمور هەردووکیان ناتەواوبوون لەڕووی لاشەییەوە، یەکیان شەل و ئەوی دیکەیان چاوێکی کوێربوو، لەماوەی مانەوەی لای قازان چەندین کاری سەربازی ئەنجامدا و ڕۆژ بەڕۆژ فێری شتی زیاتر دەبوو لەڕووی سیاسەت و سەربازی و سەرکردایەتیکردنی سوپا، بەڵام ئەمە بەردەوام نابێت، چونکە لەساڵی ١٣٥٨ لەسەر دەستی مێردی کچەکەی، قازان تیرۆر دەکرێت. ئەمەش وا لەتەیمور دەکات تەنیا بکەوێت بەبێ پاڵپشت و پشتیوان بمێنێتەوە لەودۆخەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێی بۆخۆش دەکات تا ئەوەی فێریبووە بەکاری بهێنێت!

کەسێک لەدوای مردنی قازان دەردەکەوێت لەمەیدانەکەدا بەناوی تیمۆر خان، وە دەستدەکات بەیەکخستن و پێکهێنانەوەی مەغۆلی جۆگۆتایی لەناوچەکەدا، بۆیە بەخێرایی تەیمور دەچێتە ژێر فەرمان و خزمەتییەوە! وە ئەمە کەناڵی دووهەمی تەیمور لەنگ دەبێت لەڕێڕەوی بەرەو پادشایی. بەڵام زۆری نەبرد ژێر بەژێر دەچێتە لای خان تغلق وە لەوێدا خان سەرسام دەبێت پێی، چونکە وەک وتمان خاوەنی کارێزما بوو، وە دەیتوانی قەناعەت بە بەرامبەرەکانی بکات، بۆیە خان بڕیار دەدات بیکاتە سەرکردەی هۆزی (بارلاس) کە مامی تەیمور لەوکاتەدا سەرکردایەتی دەکرد. پاش چەند جەنگێک تەیمور توانی بەیارمەتی خان دەسەڵاتی هۆزەکەی و هەندێک ناوچە بگرێتە دەست، بەڵام پاش تەواوبوونی لەکارەکەی خان هیچ پۆستێکی ئەوتۆی ناداتێ لە ئیمپڕاتۆریەکەیدا، بۆیە تەیمور هەڵدەگەڕێتەوە لەخان وە بۆ جاری دووهەم خیانەت لە سەرکردەکانی دەکات.

بەهۆی گەندەڵی خان و پیاوەکانی، تەیمور توانی وەک شۆڕشگێڕێک خۆی نیشانبدات کە بەدوای مافی گەلەکەیدا دەگەڕێت و دژی ستەم و داگیرکاری دەوەستێت، بۆیە بەخێرایی خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆبوونەوە. دوای ڕاوەدونانێکی زۆر لەلایەن خانەوە و توشبوون بەچەندین ناهەمووری و

چەندین خیانەت و هاوپەیمانی و ئازار و ئەشکەنجە و جەنگی پارتیزانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لەساڵی ١٣٦٣ز دا دوای جەنگێکی سەخت لەگەڵ ئەمیری ناوچەکە (امیر ابو حسن) توانی دەست بەسەر ناوچەی سیستاندا بگرێت، وە لەوێوە گەشتەکەی بەرەو ئیمپڕاتۆریبوون دەستپێدەکات.

پاشان دەڕوات بەرەو سەمەرقەند لەدوای ئەوەی سوپای خان تێکدەشکێنێت لە ڕوبەڕووبوونەوەیەکدا بەناوی (جەنگی پرد)، لەم جەنگەدا تەیمور تاکتیکێکی سەربازی گرنگ بەکاردەهێنێت کە پێیدەوترێت "تمویە"، بەشێک لەسوپاکەی بەرامبەر سوپای خان دادەنێت لەسەر کەناری ڕووبارەکە و، بەبەشێکی دیکەی سوپاکەی ئاوەکە دەبڕێت لەناوچەیەکی تەنکەوە و، دەتوانێت سوپای خان تێکبشکێنێت.

پاش شکاندنی خان، تەیمور دووبارە لەگەڵ امیر ابو حسندا، دەکەوێت دووبەرەکییەوە لەسەر دەسەڵات، امیر ابو حسن دوای ئەوەی بووە هاوپەیمانی تەیمور یارمەتیدەرێکی گەورەبوون بۆیەکتر دژی خان، بەڵام لەدوایدا لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان، توشی دووبەرەکی هاتن هاوشێوەی هەر هاوپەیمانییەک کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕ و عەقیدە دانەمەزرابێت. لەساڵی ١٣٧١پاش جەنگێکی درێژ لەنێوان هەردوو هاوپەیماندا، جەنگ بەسەرکەوتنی تەیمور کۆتایی دێت و بەشێوەیەکی کرداری دەبێتە خانی مەغۆل، لەگەڵ ئەوەی خان وەکو وێنەیەک مایەوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لەڕاستیدا.

## ئیمپڕاتۆری دووهەمی مەغۆلی

لەدوای شکاندنی هەموو هێزەکان وە ڕاکێشانی هەموو لایەنەکان بەلای خۆیدا، تەیمور توانی ببێتە سوڵتانی گەورە و پادشا، وە هێشتنەوەی خان تەنها وەک داشێک بەدەستییەوە، بیری کردەوە لەگەورەکردنی دەوڵەتەکەی

لەسەر سوننەتی جەنگیز خان و بەبەرگێکی ئیسلامی و بەسیاسەتێکی قازانیانە!

سەرەتا بەبارودۆخی ناوخۆی دەستی پێکرد، لە لەناوبردنی هەموو منافسەکانی و چاکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی شارە وێران کراوەکان و رێکخستنی سوپا و باشترکردنی ئابووری، پاشان لەرێی دبلۆماسییەوە هەوڵیدا هێواش هێواش ناوچەکانی چواردەوی کۆنترۆڵ بکات، چاوی بڕییە باکور لەرِوسیا و رِۆژئاوا لەشام و ئەنادۆڵ و باشور لەئێران و عێراق.

لەساڵی ١٣٨١ز/٧٨٢ک توانی شاری "هارات" داگیر بکات لە هەرێمی خەوارزم، وە پێش ئەوێش لەساڵی ١٣٧٣ز، لەجەنگیدا لەدژی یوسف سۆفی شاری بخارای بۆماوەی سیازدە مانگ گەمارۆدا و پاشان داگیریکرد. وە هاوشێوەی باپیرە گەورەی، شارەکەی خستە ژێر رەحمەتی سەربازەکانییەوە!

وە هەزارانی لێکوشتن و شارەکەشی وێرانکرد، لێرەوە تەیمور بەرگی شۆڕشگێڕی دانا و بەرگی تاغوتی پۆشی. "هاوشێوەی زۆرێک لە بەناو شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆی ئێمە کە دوای هاتنە خوارەوەیان لە شاخ، بەرگی شۆڕشیان دانا، وە بەرگی ستەم و دزیان پۆشی" دوای داگیرکردنی تەبرێز لەساڵی١٣٨٧ تەیمور کۆتایی بە دەسەڵاتی جەلائیرییەکان هێنا لە ئێران و بەمەش تارادەیەک ناوچەکەی کۆنترۆڵکرد، بەڵام لێرەولەوێ هەڵگەڕانەوەی سەرکردە جیاجیاکان ڕووی دەدا، بۆیە بەدرێژایی ژیان بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بوو، وە هیچ کاتێکی نەبوو بۆ چێژ وەرگرتن لەژیانی، وە هەمیشە لەجەنگی بەردەوامدابوو لەپێناو پاراستنی ئیمپڕاتۆرییەکەی!

پاشان لەهەمان ساڵدا هەریەک لەجۆرجیا و ئەرمینیا و ئازربایجان داگیر دەکات و بەهەزاران کەس لەشارەکانیان دەکوژێت، هەروەک لە ئەسفەهاندا ڕوویدا کە لەڕۆژێکدا حەفتا هەزار کەسی کوشت، جگە خاوەن

پیشەسازییەکان! ئەمەش هەمان ستراتیژیەتی جەنگیز خانمان بیردێنێتەوە لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکاندا!

وە بۆماوەی چوار ساڵ هەتا ساڵی ١٣٩١ز لەدژی هۆزی زێڕین جەنگا، تا لەکۆتایدا کۆتایی پێهێنان. دوای تەواوکردنی ئێران تەیمور بڕیاردەدات بەرەو عێراق سوپاکەی بکشێنێت، وە لەگەڵ ئەوەی احمد ئویسی سە رکردەی ئەوکاتەی بەغداد خۆی دەخاتە ژێر فەرمانی تەیمور و هەموو ویستەکانی جێبەجێ دەکات، بەڵام بەهۆی ستەمی لە خەڵکەکەی، زۆرێک لە دژەکانی تەیمور هەڵدەنێن بۆ داگیرکردنی بەغداد. بەم هۆیەشەوە لەساڵی ١٣٩٣ز سوپای مەغۆل جارێکی دیکە بەغداد دەگرن! وە ئویسیش ڕادەکات بەرەو میصر، بەبێ هیچ بەرگرییەک!

پاشان لەبەغداد زۆر نامێنێتەوە و بەرێدەکەوێت بەرەو دیاربەکر و داگیری دەکات، بەڵام قەڵای تکریت لەعێرقدا لێی عاسێ دەبێت، بۆیە دەکشێتەوە بۆ گەمارۆدانی، دوای جەنگێکی سەخت لەهەمان ساڵدا دەچێتە ناوییەوە و داگیری دەکات و خەڵکەکەی ڕەشەکوژ دەکات و ژنەکانیان دەکاتە کەنیزەک و مناڵەکانیشیان دەکاتە کۆیلە و تەواوی شارەکە وێران دەکات و دەیسوتێنێت!

پاشان ئەربیل بەبێ جەنگ خۆی دەدات بەدەستەوە و دەبێتە بەشێک لە دەوڵەتی تەیموری! بەمجۆرە تا ساڵی ١٣٩٥ هەموو عێراق داگیردەکات لەگەڵ رها و ماردین و رئس العین (سەرێ کانی) نصیبین و ناوچەی جەزیرە، وە لەوێدا شوێن سونەتی باوباپیرانی دەکەوێت لەڕاوڕووت و کوشتوبڕی و خوێنمژی.

لەگەڵ ئەوەی بەبەردەوامی ئەو ناوچانە لەژێر دەستی دەردەچوون وەکو بەغداد، بەڵام تەیمور کۆڵینەدەدا و دووبارە و سێبارە دەیگرتنەوە، چونکە

دەیزانی دوژمنەکانی لەو ناوچانەدا خاوەنی خەون و ئاواتی گەورە نین وە تەنها دەیانەوێت شارەکەیان بگرنەوە نەزیاتر، وە یەکدەست نین و دووبەرەکن، بۆیە گرتنەوەی جێگەکان و کوژاندنەوەی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشەکان کاری خۆی بوو، چونکە ئەو لەگەڵ خوێنرێژیەکەیدا سەرکردە بوو، وە دەیویست گەلەکەی یەکبخات.

## داگیرکردنی شام

لەساڵی ١٤٠١ز/٨٠٤ک تەیموری لەنگ توانی بۆجاری دووهەم بەغداد داگیر بکات وە ڕەشە کوژییەکی گەورەی تێدا ئەنجامدا، هەروەکو مێژوونوسان دەڵێن: "سەربازەکانی تەیمور ١٢٠ بورجیان بە کەلەسەری خەڵکی بەغداد دروست کرد، بەمەش بیرەوەری هۆلاکۆ خانی بەبیر موسوڵمانانی جیهان هێنایەوە!

میری بەغدادیش وەک جاری پێشو ڕادەکات، بەڵام ئەمجارەیان بەرەو ئەنادۆڵ بۆ ژێر سێبەری سوڵتان بایەزیدی عوسمانی (بایەزیی بروسکە).

پاش وێرانکردنی بەغداد، تەیمور بەرێدەکەوێت بەرەو ورمێ و لەوێوە دەچێتە ئەرمینیا و لەناوچەی قەرەباغدا ئامادەباشی دەکات بۆ پەلاماردانی ئەنادۆڵ، کە لەژێر دەسەلاتی سوڵتان بایەزید دابوو لەوکاتەدا، وە ئەمەش کۆتا جەنگی دەبێت لەڕووی زەمەنییەوە، بەڵام پێش داگیرکردنەوەی بەغداد و خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی عوسمانییەکان، لەساڵی ١٤٠٠ز کارەساتێکی گەورە بەسەر شامدا دەهێنێت کە مێژوو لەبەردەمیدا خەجاڵەتی دەچێژێت.

سەرەتا تەیمور بەرێکەوت بەرەو ناوچەکانی باکوری شام، وە پاش چەندین ڕووبەڕووبوونەوە دەگاتە حەلەب بەسوپایەک لەلای هەندێک لەمێژوونوسان ژمارەکەی دەگات ١ملیۆن سەرباز!

سەرەڕای بەرەنگارییەکی توند لەلایەن مەمالیك و خەڵکی شارەکەوە، وە دوای ماوەیەک لەگەمارۆ لەساڵی ١٤٠٠ز/٨٠٣ک تەیمور ڕۆدەچێتە ناو شارەکە و ئەوەی پێدەکات کە بە بەغدادی کرد لە پێشتردا، لەکوشتن و بڕین و وێرانکاری و سوتاندن، کوشتنی مناڵ و گەورە و پیروپەککەوتە و گەنج بەبێ جیاوازی، سەرەڕای لاقەکردنی هەزاران ئافرەت!

وە دزینی هەموو گەنجینەکانی ناو شار، وە پاش تەواوبوونی لەوێرانکاری، بەڕێدەکەوێت بەرەو شاری حەماە، وە ئەوەی تیادەکات کە لەحەلەب کردی. پاشان لەهەمان ساڵدا حمسیش داگیردەکات، بەهەمان شێوەی ئەوانەی پێشوو (کوشتار و وێرانکاری و دزی و ڕاووڕوت)، لەوێوە بەڕێدەکەوێت بەرەو دیمەشق، دوای چەند ڕوبەڕووبوونەوەیەکی سادە، میر ناصری مەملوکی سەرکردەی دیمەشق هەڵدێت بەرەو میصر، وە خەڵکی شار بەجێدەهێڵێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی سەرئەنجامی خۆیان لەگەڵ تەیموردا!

بەمەش کاری تەیمور ئاسانتر دەکات لەداگیرکردنی شارەکە، وە پێش هێرشکردنی یەکجاری چەندین فێڵ بەکاردەهێنێت بۆ تێکدانی یەکڕیزی شارەکە، وە چەندین کاری دووڕویی دەکات، بەوەی کە بەخەڵکەکەی دەڵێت: ئەمان دەدەم بەدیمەشق، وە کوشتاری تیادا ناکەم دەیکەمە سەدەقە بۆ مناڵەکانم!

هەرلەوێش دەگات بەمێژوونوسی گەورەی کۆمەڵایەتی "ابن خلدون" وە چەندین گفتوگۆی سیاسی و دینی پێکەوە دەکەن.

پاشان بەفێڵ و بەڵێن دەچێتە دیمەشقەوە، سەرەتا تەنها پارە و سەرانە لەخەڵک دەستێنێت، بەڵام لەدوایدا کە خەڵک پارەی لەدەستدا نامێنێت دەستدەکات بەکوشتاری موسوڵمانان و وێرانکردنی شارەکە، وە تەواوی شار

وێراندەکات جگە گەڕەکی مەسیحیەکان! وە ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی تەیمور ڕۆژێک لەڕۆژان بۆ سودی موسوڵمانان کاری نەکردووە.

پاش داگیرکردنی دیمەشق، بەپەلە سوڵتان بەرقوقی سەرکردەی میصر نامە دەنێرێت بۆ تەیمور و تێیدا ئامادەیی خۆی ڕادەگەیەنێت بەچوونە ژێر دەسەلاتییەوە و دوعاکردن بۆی لەوتاردا و سەکە (پارە) لێدان بەناوییەوە، بەمەش میصر لەوێرانکاری ڕزگاری دەبێت.

بەم شێوەیە سوڵتانی عوسمانی تەنیا دەمێنێتەوە، دوای لەناوچوونی هۆزی زێڕین و خۆبەدەستەودانی مەمالیك، لەهەمان کاتدا جەنگی خاچپەرستان لەڕۆژئاوا، کاری تەیمور ئاسان دەکات بۆ تێکشکاندنی.

لەگرنگترین ستراتیژییەکانی تەیمور جەنگی جاسوسی و دەروونی بوو، لەگەڵ پەرتکردنی دوژمنەکانی و ڕوبەڕووبوونەوەیان تاکە تاکە و ڕێگرتن لە یەککگرتنیان لەسەر بنەمای (فرق تسد)، "جیاوازی دروستکە، دەستیان بەسەردا دەگریت".

هەروەها فێڵ و مەکر لەگەڵ خەڵکیدا و درۆ و وەعد شکاندن کە لەسیفاتی مەغۆل بوو لەوکاتە و پێشتردا.

## تەیموری لەنگ ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی یەکەم

ساڵی ١٤٠٠ز/٨٠٣ک سوڵتان "بایەزید" (بروسکەی ئیسلام) پاش فتوحاتێکی گەورە لە خۆرهەلاتی ئەوروپا، دەستدەکات بەگەمارۆدانی شاری قوستەنتینییە (ئیسلامبوڵ).

لەم کاتەدا نامەیەکی تەیموری لەنگی پێدەگات کە ناڕاستەوخۆ داوای لێدەکات بێتە ژێر دەسەلاتییەوە، بۆیە بایەزید هەست بەمەترسی گەورە دەکات

لەخۆرهەڵاتەوە، بەمەش ناچار دەبێت گەمارۆی سەر بیزەنتییەکان لاببات و بکەوێتە ڕێ بەرەو خۆرهەڵات!

لەدوای ئەوەی ڕەدی سوڵتان بایەزید دەگاتە تەیموور، وە پاش ئەوەی لەمەیدانەکەدا هیچ مونافسێکی نەماوە تاببێتە ڕێگر لەبەر دەمیدا، دەکەوێتە ڕێ بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، تاکۆتا بەربەستی ڕێی خەونەکانی لەناوببات.

یەکەم شار کە تەیمور دەچێتە ناوی لەناوچەی عوسمانییەکان، شاری (سویس)بوو، دوای نۆ مانگ لە گەمارۆ توانی داگیری بکات.

٤هەزار موسوڵمانی تێدا کوشت، وە لەسەر ئەوانەی کە مانەوە سەرانەی دانا، وە ٩هەزار ئافرەتی کردە کەنیزەک و ڕەوانەی ئاسیای ناوەڕاستی کردن.

ئەوەی سەیرە لەم نێوەندەدا ئەوەیە کە تەیموری لەنگ تەنها لەماوەی ٢ساڵدا توانی بەغداد بگرێتەوە و شام کۆنترۆڵ بکات و مەمالیك لاواز بکات لەناوچەکەدا!

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرتەوازەبوونی دووژمنەکانی و سەرقاڵی سوڵتان بایەزید بە ئەوروپاوە، چونکە لەڕاستیدا گەروا نەبوایە ئەوا تەیموری لەنگ نەیدەتوانی قاچی بخاتە ئەنادۆڵەوە.

## جەنگی ئەنقەرە

تەیمور وەکو پێشتر باسمان کرد، هەموو کات پێش ڕوبەڕووبوونەوە بەشێوازی سەربازی، لەڕێی سیاسەت و فێڵەوە ڕوبەڕوویان دەبۆوە.

لەسوپای بایەزیددا هەزاران مەغۆلی هەبوون، کە پێشتر لەناو موسوڵمانانی ئەنادۆڵدا توابوونەوە، بۆیە سەرەتا تیمور بەنهێنی لەگەڵ ئەم

مەغۆلیانەدا ڕێدەکەوێت. پاشان لەسەر ئاستی سیخوڕی دەتوانێت لەڕێی چەند سیخوڕێکییەوە هەواڵەکانی کە دەگەیشتە بایەزید ساختەی بکات تا جێگەی سوپای تەیمور نەزانن، بۆیە لەو کاتەی بایەزید دەگاتە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ، سوپای تەیمور لە ئەنقەرەوە سەر دەردەکات، وە تەواوی خاکە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە وێران دەکات و بیرەکان پڕدەکاتەوە، تا سوپای عوسمانی هیچ نەبێت بیخوات و بیخواتەوە! بۆیە کاتێک سوپای عوسمانی دەگاتە ئەنقەرە، زۆر هیلاک دەبێت، سەرەڕای ئەوە هەزاران هاوپەیمانی تەیمور لەسوپاکەیاندایە و بەخۆیان نەزانیووە.

١٤٠٢ز لە ئەنقەرە ڕوبەڕووبوونەوە مێژووییەکەی نێوان مەغۆل و عوسمانییەکان دەستپێدەکات. لەسەرەتای جەنگەکە بەخێرایی لای چەپی سوپای عوسمانی تێکدەشکێنرێت، چونکە مەغۆلەکانی ناو سوپاکە لەو لایەوە دەبن، بەمەش ئەو بەشە دەکەوێتە نێو مقاشی سیخوڕەکان و سوپای تەیمور. پاشان لای ڕاست کە سەرکردەیەکی بولگاری سەرکردایەتی دەکرد، پاشەکشە دەکات بەرەو دواوە و جەنگ بەجێدەهێڵێت، بەمجۆرە سوڵتان بایەزید لەناوەڕاستی سوپای مەغۆلیدا خۆی و پێنج هەزار سەربازی (ئینکیشاری دەمێنێتەوە) وە دەست دەکەن بەجەنگ، هەروەک سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن، تەنها ئەو پێنج هەزارە، نزیکەی دە هەزار سەربازی مەغۆلی دەکوژن و هەزارانی دیکە بریندار دەکەن!

وە لەکۆتایدا ژمارە و فێڵ بەسەر ئازایەتی و جوامێریدا سەردەکەوێت، وە سوڵتانی عوسمانی دەگیرێت، خۆی و کوڕەکەی (موسی جەلەبی)، وە پاش ماوەیەک لەزیندانەدا گیان دەسپێرێت. لەدوای ئەم جەنگە دەوڵەتی عوسمانی دەبێتە بەشێک لە ئیمپڕاتۆری تەیموری، جگە ناوچەی "ئەماسیا" کە محمد جەلەبی کوڕی بایەزید حوکمی دەکات، وە دەسەلاتی خۆی ڕادەگەیەنێت وەک

سوڵتانی عوسمانی، وە هەر ئەویش لەدوایدا دەوڵەتی عوسمانی دادەمەزرێنێتەوە پاش ١١ساڵ، وە دەبێتە دامەزرێنەری دووهەمی دەوڵەتەکە.

پاش کۆنترۆڵکردنی ئەنادۆڵ ئەمجارە تەیمور ڕوودەکاتە ڕۆژهەڵات و بەرەو وڵاتی "چین"، پاش گەیشتنی بە سەمەرقەند بەرێدەکەوێت بەرەو خۆرهەڵات، بەڵام لە مانگی ٣ی ١٤٠٥ز بەشێوازێکی کتوپڕ نەخۆش دەکەوێت، وە پاش چەند ڕۆژێک لەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، وە ئەو بەڵا گەورەیە لەسەر ئومەتی ئیسلام لادەچێت کە بەدرێژایی ٢٠ساڵ دەیچەوساندنەوە و وڵاتی کاول دەکرد و لێی دەکوشتن و لێی دەدزین و شەرەفیانی دەشکاند.

"وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ۖ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾".

بەو حاڵەوە گەڕایەوە دیوانی پەروەرێن، تا حەق و حسابی خۆی لەوێ وەرگرێت، وە پاش خۆی کوڕەزاکەی "پیر محەمەدی کوڕی جیهان گیر" دەکرێتە ئیمپڕاتۆری مەغۆلی، وە لەسەر دەستی نەوەکانی تەیمور هندستان بەتەواوی فەتح دەکرێت، وە دێتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە بۆماوەی ٤سەدەی بەردەوام، موسوڵمانانی مەغۆل حوکمی هندستان دەکەن، هەتا هاتن و داگیرکاری ئیستخراب"استعماری بەریتانی" لەسەدەی ١٩ز دا کۆتایی بەدەسەڵاتی خانی مەغۆلی دەهێنرێت.

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته.